بەختیاری



# هەرگیز کۆڵ مەدە

## لە زاری جاک ما خۆیەوە

## NEVER GIVE UP

JACK MA

ئامادەکردنی: سووک لی و بۆب سونگ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سارا ئەنوەر

# هەرگیز کۆڵ مەدە

## لە زاری جاك ما خۆیەوە

ئامادەکردنی: سووك لی و بۆب سونگ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سارا ئەنوەر

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: هەرگیز کۆڵ مەدە

ئامادەکاران: سووک لی و بۆب سونگ

وەرگێڕ: سارا ئەنوەر

بابەت: گەشە پێدانی مرۆیی

چاپخانە: تاران

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ: دووەم

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٤١ ) ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری

سلێمانی – شەقامی مەولەوی

٠٧٧٠١٤٩٥٢٧٠

<u>پێڕست</u>

پێشەکی.......................... ٥

بەشی یەکەم

زانیاریی کەسی........................ ٨

بەشی دووەم

ڕێساکانی بازرگانی...................... ١٠

بەشی سێیەم

عەلی بابا و وەبەرهێنراوەکانی.................. ١٩

بەشی چوارەم

سەرکردایەتیکردن........................... ٣١

بەشی پێنجەم

سەرکەوتن و شکست........................... ٤٠

بەشی شەشەم

ڕکابەریکردن................................ ٤٧

بەشی حەوتەم

پارە, وەبەرهێنان, بەها........................ ٥٦

بەشی هەشتەم

کارسازی و نوێخوازی......................... ٦٦

بەشی نۆیەم

ڕاگەیاندن و بازاڕگەری....................... ٧٦

# پێڕست

پێشەکی.......... ٥

بەشی یەکەم

زانیاریی کەسی.......... ٨

بەشی دووەم

ڕێساکانی بازرگانی.......... ١٠

بەشی سێیەم

عەلی بابا و وەبەرهێنراوەکانی.......... ١٩

بەشی چوارەم

سەرکردایەتیکردن.......... ٣١

بەشی پێنجەم

سەرکەوتن و شکست.......... ٤٠

بەشی شەشەم

ڕکابەریکردن.......... ٤٧

بەشی حەوتەم

پارە, وەبەرهێنان, بەها.......... ٥٦

بەشی هەشتەم

کارسازی و نوێخوازی.......... ٦٦

بەشی نۆیەم

ڕاگەیاندن و بازارگەری.......... ٧٦

بەشی دەیەم

ئینتەرنێت, بازرگانیی ئەلیکترۆنی, بازرگانیی جیهانی...٨٥

بەشی یازدەهەم

ژینگەپارێزیی و خێرخوازی......................................٩٥

بەشی دوازدەهەم

وانەکانی ژیان............................................٩٨



# پێشەکی

جاك ما لە ١٠ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٤ لەدایك بووە. خێرخواز و سەرمایەدارێكی چینییە, دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری جێبەجێكاری گرووپی كۆمپانیاكانی عەلی بابایە, كە یەكێكە لە سەركەوتووترین كۆمپانیاكانی پشتبەستوو بە ئینتەرنێت. جاك ما یەكێكە لە كەسە هەرە دەوڵەمەندەكانی جیهان و یەكەم دەوڵەمەندی چین و هەموو ئاسیایە كە سەروەتەكەی بە ٢١.٨ ملیار دۆلار دەخەملێندرێت. بۆ گەیشتن بەم سەركەوتنەش بە زۆر بارودۆخی دژواردا تێپەڕیووە, كە چیرۆكێكی ڕاستەقینەیە لە هەژارییەوە بەرەو دەوڵەمەندی.

پێش دروستكردنی پێگەی عەلی بابا جاك مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە. پاشان لەمیانەی گەشتێكیدا لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ سیاتڵ_واشنتن, هاوڕێیەكی جاك ئاشنا دەكات بە ئینتەرنێت كە لەو كاتەدا گەشەی نەكردبوو لە چین. هەر بۆیەش بڕیاریدا كۆمپانیایەكی ئینتەرنێتی دروست بكات و ئەو تۆڕە فراوانە جیهانییە بهێنێتە وڵاتەكەی خۆی. خودی جاك هیچ شتێكی دەربارەی جفرەنووسین و كۆمپیوتەر نەدەزانی چ جای بگاتە درككردن بەو توانا شاراوەیەی لە بازاڕگەریدا هەیبوو, نەك هەر جاك بەڵكوو لەو كاتەدا لە سەرتاسەری چین چەند كەسێكی كەم هەبوون زانیارییان لەسەر ئینتەرنێت هەبێت. هەر لەبەر ئەو ناشارەزاییەشی جاك هەمیشە خۆی ناوزەند دەكات بە"پیاوێكی كوێر لەسەر پشتی پڵنگێكی كوێر."



"هەرگیز کۆڵ مەدە" یەکێکە لە هەرە بەناوبانگترین دروشمەکانی جاك ما و ئەم دروشمەش ڕەنگدانەوەی کۆڵنەدانی خۆیەتی و ڕاهاتنیەتی لە هەموو ئەو ڕەتکردنەوانەی لە ژیانیدا وەریگرتووە بەتایبەتیش لە بواری کاردا بە جۆرێك کە دووجار لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆ شکستی هێناوە, داوای کاری لە ٣٠ شوێنی جیاواز کردووە و هەر ٣٠ جارەکە ڕەت کراوەتەوە و وەرنەگیراوە. داوای کاری کردووە بۆ وەرگیرانی وەك پۆلیس لە ٥ کەس ٤ یان وەرگیران ئەو تاکە کەسەی کە وەرنەگیرا جاك ما بوو. ١٠ جار داواکاری خوێندنی پێشکەشی زانکۆی هارڤارد کردووە و هەر ١٠ جارەکە ڕەت کراوەتەوە. کاتێك زنجیرە ڕیستۆرانتی بەناوبانگی نێودەوڵەتی KFC هاتە چین ٢٤ کەس داوای کاریان پێشکەش کرد ٢٣ کەسیان وەرگیران, ئەو تاکە کەسەی وەرنەگیرا جاك ما بوو. هەر بۆیەش جاك پێی وایە یەکێك لە نهێنییەکانی سەرکەوتن لێڕاهاتنە لە وەرنەگرتن و ڕەتکردنەوە.

لە ١٩ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٤ پێگەی عەلی بابا زیاتر بە دونیا ناسێنرا چونکە داهاتەکەی بە ڕێژەیەك زیادی کرد ژمارەی پێوانەیی شکاند کە بڕەکەی ٢٥ ملیار دۆلار بوو. هەر بۆیەش جاك و کۆمپانیاکەی بوون بە گەرمترین باسوخواسی میدیاکانی هەموو جیهان. ساڵی ٢٠١٥ گۆڤاری فۆربس (جاك ما)ی ناوزەند کرد بە یەکێك لە ٢٢ کەسە هەرە بەهێزەکەی جیهان و یەکەمین



بەڕێوەبەری جێبەجێکاری چین و هەموو ئاسیایە کە وێنەکەی لە ڕووپەڕی یەکەمی گۆڤاری فۆربس دەرکەوتبێت.

ئامانجی ئەم پەرتووکەش ناساندنی جاك مایە بە خوێنەرانی سەرتاسەری جیهان لە ڕێگەی وتەکانی خۆیەوە کە وەرگیراون لە وتار و کۆبونەوە و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکانیەوە. ئەم پەرتووکە بۆ ئەو کەسانەیە کە خەون و ئاواتێکیان هەیە یاخود ئەوانەی لە بارودۆخێکی سەخت دان و پێویستییان بەوەیە وەبیریان بهێنرێتەوە کە هەرگیز کۆڵ نەدەن. هەروەها بۆ کەسانی کارساز و ئەو کەسانەیشە کە دەیانەوێت ببنە خاوەنی پرۆژەی کاری سەربەخۆی خۆیان.



# بەشی یەکەم
# زانیاریی کەسی

## شارەزاییی تەکنۆلۆژی

لە تەکنۆلۆژیادا باش نیم. لە ڕابردوودا مامۆستای قۆناغی ئامادەیی بووم، بەڵام ئێستا یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیانیاکانی بازاڕگەریی ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەبەم لە چین و هەموو جیهان. هەرچەند شتێکی گاڵتەئامێزە بەڵام خودی خۆم هیچ شتێك دەربارەی کۆمپیوتەر نازانم، هەموو ئەوەی دەربارەی ئینتەرنێتیش دەیزانم چۆنییەتی ناردن و وەرگرتنی ئیمەیڵ و گەڕانە بەدوای زانیاریدا.

## ڕاگرتنی هاوسەنگی

(تای چی)م خۆش دەوێت. تای چی فەلسەفەیەکە دەربارەی (یەن و یانگ) بە واتای هەبوونی هاوسەنگییەکی گەردوونی دێت بۆ بنەما دژیەکە تەواوکەرەکان بۆ نموونە: تاریکی و ڕووناکی. واتە فێرت دەکات چۆن هاوسەنگی ڕابگری. من ئەم فەلسەفەیە لە کاردا بەکار دەهێنم بەو جۆرەی کە تووشی کێشەیەك دەبم بە خۆم دەڵێم "ئارام بە و هاوسەنگی ڕابگرە، هەمیشە ڕێگەیەك هەیە بۆدەربازبوون و چارەسەرکردنی کێشەکان." لە کاردا کێبڕکێکردن هەیە نەك جەنگکردن، چونکە کارکردن وەك مەیدانی



جەنگ نییە تۆ بدۆڕێیت و من براوە بم، بەڵکوو هەتا ئەگەر تۆش بدۆڕێیت واتای ئەوە نییە من براوەم.

## فێربوونی زمانی ئینگلیزی

کاتێك ١٢ ساڵان بووم خۆم فێری زمانی ئینگلیزی کرد. نازانم لەبەر چ هۆکارێك خۆم فێری ئەم زمانە کرد، تەنیا ئەوەندە دەزانم ئەم زمانەم خۆش دەوێت. هەموو بەیانییەك کاتژمێر ٥ بۆ ماوەی ٤٠ خولەك بە پاسکیلسواری دەچووم بۆ هۆتێلی (هانگ جو) وەك شارەزایەکی ناوچەکە تێکەڵی کەسە بیانییەکان دەبووم، بەبێ بەرانبەر ڕێبەریم دەکردن و شارەکەم پیشان دەدان ئەوانیش زمانی ئینگلیزییان فێر دەکردم.

## گەمژە نیم

من شێتم، بەڵام گەمژە نیم.

## پڵنگە کوێرەکە

لە ماوەی (١٥) ساڵی کارکردنمدا خۆمم ناوزەنگ کردووە بە "پیاوێکی کوێر لەسەر پشتی پڵنگیکی کوێر". ئەوانەی لە ئێمە شارەزاتر بوون هەموویان شکستیان هێنا و کۆڵیان دا. ئێمە ماینەوە و بەردەوام بووین چونکە لە خەمی داهاتوودا بووین. باوەڕمان بە داهاتوو هەبوو، گۆڕانکاریمان لە خۆماندا کرد.



# بەشی دووەم
# ڕێساکانی بازرگانی

## بەها گشتییەکان

ئەرک, بەها, ئامانجە گشتییەکان بریتین لە ڕاسپاردەی هەر کۆمپانیایەک و ڕێکخراوەیەک. چونکە بەبێ ئەم سێ خاڵە, ناتوانیت سەرکەوتوو بیت.

کاتێک ئێمە لە کۆمپانیاکەماندا کەسێک دادەمەزرێنین, ئەو کەسانە هەڵدەبژێرین کە ئاشنان بە بەهاکانی کۆمپانیاکەمان. بەهرەی تاکەکەسی لای ئێمە گرنگ نییە, بەڵکوو ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە کە پێویستە ئەو کەسانە ئاشنا بن بە کەلتوور و ئامانجەکانمان. لە یەکەم ڕۆژی مەشقپێکردنیانەوە ئێمە قسەیان بۆ دەکەین دەربارەی بەها گشتییەکان و گیانی هاوکاری. چونکە ئەم دووانە پێکەوە دەبنە هۆی ئەوەی کەسە ئاساییەکان دەستکەوتی ناوازەیان هەبێت.

## ڕیزبەندیی کۆمپانیا

ئێمە لە ڕیزبەندیکردنی کەسەکانی ناو کۆمپانیاکەمان پابەندین بە دانانی کڕیار وەک کەسی یەکەم, فەرمانبەرەکانمان وەک کەسی دووەم, خاوەنپشکەکان وەک کەسی سێیەم.



## بونیادنانی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز

شێوازی کارکردنی ئێمە لەسەر کەسێك و دووان بەند نییە. ئەگەر من کۆمپانیا بەجێ بهێلم و بە ڕۆیشتنی من کۆمپانیاکە تووشی دارمان ببێت, ئەوە واتای ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە ئەم کۆمپانیایە بە شێوەیەکی باش و بەهێز بونیاد نەنراوە.

## بانگەشەکردنی ساختە

چۆن دەتوانرێت جانتای (گوجی) یاخود هەر جانتایەکی تری براند بە پارەیەکی زۆر بفرۆشرێت؟

گەر بیری لێ بکەیتەوە لەڕاستیدا ئەوە شتێکی بێمانایە, ئەو قسەیەشم لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا براندەکان نابێت, بەلام ئەوە شێوازی کارکردنی ئەوانە. گەر تۆش دەتەوێت قازانجێکی باش بکەیت و بازرگانییەکی سەرکەوتووانە بە شمەکەکانتەوە بکەیت پێویستە پێداچوونەوە بە شێوازی بازرگانییەکەتدا بکەیت.

## پاڵنەرەکانی فرۆشتن

فرۆشیار نابێت بیر لە پارە بکاتەوە بەڵکوو پێویستە درك بەوە بکات چۆن بەرهەمەکانی دەتوانن سوودبەخش و یارمەتیدەر بن بۆ کڕیار و مشتەرییەکان. چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە و زیادبوونی فرۆش.



## گەڕاندنەوەی باری ئابووری بۆ دۆخێکی سەقامگیر

دوو ڕۆژ لەمەوبەر خوانی ئێوارەم هەبوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی سەنگاپووریم و وتیان,"دەوڵەت هانمان دەدات بۆ زیادکردنی ژمارەی تاکەکانی خێزان بە زیادکردنی ڕێژەی وەچەخستنەوە, چونکە تەمەنی هاونیشتیمانییان بەرەو هەڵکشان دەچێت و بەمەش ڕێژەی منداڵ لە وڵاتدا کەم دەبێتەوە." هەموو وڵاتێك, هەموو نەتەوەیەك بۆ هەبوونی هیوایەکی زیاتر پێویستی بە پاکێجێکی کاریگەر هەیە بۆ هەبوونی کۆمپانیای قەبارە بچووك و مامناوەندی زیاتر. سەرەتای هەر کۆمپانیایەکی گەورەش بریتییە لە بازرگانییەکی بچوك. کەواتە بەبێ بوونی چینی منداڵ وەك سەرچاوەی هیوا و زیادنەکردنی ڕێژەیان بەرەو لەناوچوون دەچین.

بۆچی هەمیشە هەست بە دڵخۆشی دەکەم؟

چونکە خاوەنی هەشت منداڵم. لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا هەشت کۆمپانیام بونیاد ناوە. حەوت دانە لەو کۆمپانیانە لە بارودۆخێکی باشدان, بەڵام ئەوی ترم فرۆشت. هەمیشە هەست بە دڵخۆشی دەکەم کاتێك سەیری عەلی بابا, تاوباو, عەلی پەی, عەلی کلاود و کۆمپانیاکانی تریشم دەکەم.



## پێوەرە سەرەکییەکانی کار

منیش وەك هەر کەسێکی تر ڕقم لە پێوەرە سەرەکییەکانی کارە! چونکە، زۆر ماندووکەرە و وامان لێدەکات ئامانج و شێوازە نمونەییەکەی خۆمان لەبیر بکەین. نوێخوازیی، ئارەزوو، سۆزمان بۆ کارەکەمان کەم دەکاتەوە. هەر بۆیەش ڕقمان لێیەتی. بەڵام بەبێ ئەم پێوەرانەش ناتوانین کار بکەین. لەڕاستیدا کێشەکە خودی پێوەرەکان نین، بەڵکوو ئەو کەسانەیە کە ئەم پێوەرانە دادەنێن و جێبەجێیان دەکەن.

## پێوەرە سەرەکییەکانی کار چییە؟

پێوەرە سەرەکییەکانی کار مامەڵە دەکات لەگەڵ ئامانجی کاردا. بەبێ ئەم پێوەرانەش دوچاری نەبوونی پێوانەیەکی گونجاوو دەبین بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانمان. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تەنها بە هەبوونی ئەم پێوەرانە بتوانین کارەکانمان بەباشی بکەین، بەڵکو پابەندبوون بە پێوەرە سەرەکییەکانی کار وەك ئەوە وایە بچیتە لای دکتۆر و ئەویش پێوانەی پلەی گەرمی جەستەت، پەستانی خوێن و پشکنینی خوێنت بۆ بکات بۆ ئەوەی پێت بڵێت نەخۆش نیت بەڵام ئەوەش واتای ئەوە نییە کە هیچ کێشەیەکی تەندروستییت نییە و زۆر لەشساغیت.



## فێڵکردن

چ لە کاردا بێت یاخود ژیانی تایبەتیی خۆت، هەرگیز فێڵ لە کەس مەکە و مەیخەڵەتێنە. لە ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن چوار کۆمپانیاوە فێڵم لێ کرا، کە ئێستا هەر چواریان داخراون. فێڵ مەکە چونکە هەر کۆمپانیایەک لەسەر بنەمای فێڵ و گزی دروست بوو بێت ئەوا ناتوانێت تاسەر بەردەوام بێت.

## پلانی جێگرەوە

هەموو جێگری سەرۆکەکانمان لەگەڵ ئێمەدا ماونەتەوە بۆ چەند ساڵێک. زۆر گرنگە جێگرەوەمان هەبێت بۆ جێگرتنەوەی ستافەکەمان. نابێت کۆمپانیا وەک بارمتەیەک بێت بە دەست دامەزرێنەر یاخود کارمەندەکانیەوە. خودی خۆم چەند ساڵێک لەمەوبەر زۆر ماندوو بووم بە دەست کۆمپانیاکەمەوە، چونکە رێگەم دا چوار لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکە پشوو وەربگرن و بچنە دەرەوەی وڵات بخوێنن بۆ ماوەی دوو بۆ سێ ساڵ. بەهۆی ئەمەشەوە خۆم نەمدەتوانی بچمە هیچ جێیەک و بەردەوام سەرقاڵی کۆمپانیاکە بووم.

هەندێک کەس دەڵێن، "جاک ما کارمەندە بەتەمەنەکان لا دەبات لەسەر کار." بەڵام بۆیە وا دەکەم چونکە سیستمی جێگرەوەی ئێمە پێویستیی بەوەیە ئەو کەسانە لا ببات بۆ ماوەی چەند ساڵێک یاخود چەند دەیەیەک لای ئێمە کاریان کردووە،



لەوانەیە شەکەت بووبن و ئارەزووی کارکردنیان نەمابێت. هەروەها ئەوکەسانەش لا دەبات کە هیچ هاورێیەکیان نییە جگە لە هاوپیشەکانیان, چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی مۆڵەت وەرنەگرن, کە لەڕاستیدا مۆڵەتوەرگرتن شتێکی پێویستە تا لە ماندوێتیی کارکردن دوور بکەونەوە و پشوویەك بدەن. بەم شێوەیە کاتێك ئەوان لە کار لا دەبرێن, گەنجەکان هەلیان بۆ دەڕەخسێت تا کار بکەن. هەر بۆیەش ئێمە لە دڵەوە بڕوامان بە سیستمی جێگرەوە هەیە لە کۆمپانیاکەماندا.

## ڕەخنەگرتن

توانجی (میدیاکان, لێدوانەدەرەکانی ئینتەرنێت, وەبەرهێنەکان) جێی بایەخی ئێمە نین. تەنها وەڵامدانەوەی بەکارهێنەر و بازرگانەکان بەلامانەوە گرنگە, ئەگەر وەڵامدانەوە و کاردانەوەکانیان نەرێنی بوو ئەوا ئێمە مایەپووچ دەبین, چونکە ماندوبوونی ئێمە بۆ خزمەتکردنی ئەوانە.

## بەرپرسیارێتیيە هاوبەشەکەی سەدەی بیست و یەك

جیهان داخوازیی شارستانیەتێکی نوێی بازرگانی دەکات. لە شارستانیەتە کۆنەکانی بازرگانیدا کۆمپانیاو ڕێکخراوەکان خود پەسەند و قازانج پەسەند بوون, لەبریی ئەوەی لە خەمی سوود و قازانجی کۆمەڵگەدابن لە بیری قازانجی خۆیاندا بوون.



له سه‌ده‌ی بیست و یه‌کدا پێویسته بازرگانه‌کان پێداچوونه‌وه بکه‌ن به په‌یوه‌ندیی نێوان خۆیان و کۆمه‌ڵگه, ژینگه, مرۆڤایه‌تی, کڕیار و مشته‌رییه‌کان. له‌پێناو دروستکردنی جیهانێکی باشتر له سه‌ده‌ی بیست و یه‌کدا, پێویسته کۆمپانیاکانی ئه‌مڕۆ فێری ڕوونبینی, هاوبه‌شیکردن, هه‌ستکردن به به‌رپرسیارێتی و به‌جیهانیبوون بن.

## ئارامگرتن

ته‌نها ٣٠٪ کاته‌که‌ت پێویسته بۆ بونیادنانی بناغه‌ی خانوویه‌ک, ئه‌وه‌ی زۆرینه‌ی کاته‌که‌ت ده‌بات ته‌واوکردنی کاره‌کانی دیکه‌یه‌تی. ئه‌م بارودۆخه بۆ کۆمپانیاش هه‌مان شته, کۆمپانیایه‌کی باش به قه‌باره و داهاتی باش لانی که‌م پێویستی به پێنج ساڵ هه‌یه تاکوو سه‌رکه‌وتوو ببێت. ئێمه کاره‌کانمان به‌ڕێوه ده‌به‌ین نه‌ک له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌وانی تریش هه‌مان شت ده‌که‌ن, یاخود له‌به‌ر ئه‌وه‌ی کۆمپانیاکانی تریش ئاره‌زوو بکه‌ن ئێمه ئه‌م کاره بکه‌ین. ئێمه کاره‌کانمان به باشترین شێوه ده‌که‌ین چونکه باوه‌ڕمان به‌وه هه‌یه چ کارێک ده‌که‌ین, که‌ی ده‌یکه‌ین و چۆن ئه‌وه به‌ده‌ست ده‌هێنین که ده‌مانه‌وێت.



## کامڵییەتی

سەرەتا پێش ئەوەی بچم بۆ یابان، بیروبۆچوونی گشتیم دەربارەی بازرگان و کۆمپانیاکانی یابان ئەرێنی بوو. جگە لەوەی بایەخ و گرنگییان بە یاسا و ڕێسا، ئاکار و ڕەفتارەکانیان دەدا زۆر بە تێکۆشان و کامڵییەتیشەوە کارەکانیان بەئەنجام دەگەیاند.

هەرچەندە تەنها جارێك سەردانی یابانم کرد بەڵام تووشی سەرسوڕمان بووم، چونکە وەك ئەوە نەبوو کە بیرم لێ دەکردەوە، کۆمپانیا گەورەکانی ئەوێ هەمیشە بڕیارەکانیان دوا دەخست و دەرفەتەکانیان لە شتی بێنرخدا لەدەست دەدا. وەك خودی خۆم زۆر ڕێزی ئەو کەسانە دەگرم کە کارەکانیان بێکەموکورتی دەکەن. ئەوە شتێکی مەترسیدارە بۆ کۆمپانیایەك کارێکی یەکلاکەرەوە دوا بخات، چونکە سەرکەوتن پێویستی بە بەجێهێنانی ئەرکەکانە لە ماوەیەکی کەم و یەکلاکەرەوەدا.

## دامەزراندن

ئەو کەسە دابمەزرێنە لەگەڵ کارەکەدا دەگونجێت، نەك ئەو کەسەی خاوەن بەهرەیەکی زۆرە. دامەزراندن بابەتێکی هەستیارە و پێویستە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت. دانانی کەسێکی خاوەن بەهرەیەکی زۆر بۆ کارێکی سادە وەك ئەوە وایە مەکینەی فڕۆکەی جێت بەکار بهێنیت بۆ وەگەڕخستنی تراکتۆرێك.



## سەگی کێوی و کەروێشکە سپییەکان

کارمەندەکانمان بەپێی دوو پێوانە هەڵدەسەنگێنین: بەجێهێنانی ئەرك و گیانی هاوکاری. ئەو کارمەندانەی توانای ئەرکبەجێهێنانیان باشە، بەڵام گیانی هاوکارییان لاوازە بۆ هاوپیشەکانیان ئەوانە "سەگی کێوین". ئەو کارمەندانەشی گیانی هاوکارییان باشە بەڵام توانای ئەرکبەجێهێنانیان لاوازە ئەوانە "کەروێشکی سپین". هیچ کارمەندێکی لەو دوو جۆرە دانامەزرێنین. ئەو کەسەی لای ئێمە کار دەکات پێویستە هەردوو پێوەرەکەی بەباشی تێدا بێت.

## پەرەدان بە ئاستی کارمەندەکان

وا باشترە پارە تەرخان بکرێت بۆ پەرەدان بە تواناکانی کۆمپانیا بەهۆی فێرکاری و ڕێکخستنەوە، وەك لەوەی تەرخان بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی پلە و ناوبانگی کۆمپانیا. کارمەندەکانت پێویستە تێ بگەن لە کۆمپانیاکەت، لە کڕیارەکانت و ئەو شتانەی کێبڕکێیان لەسەر دەکەیت.

هەروەك چینییەکان دەڵێن: "چۆن خۆت دەناسیت ئاواش دوژمنەکەت بناسە."



# بەشی سێیەم
# عەلی بابا و وەبەرهێنراوەکانی

## ڕۆژگاری ڕابردوو

هەفتەی یەکەم تەنها حەوت کارمەندمان هەبوو. خۆمان دەمانکڕی و خۆمان دەمانفرۆشت. هەفتەی دووەم کەسانێك دەستیان کرد بە فرۆشتن لە ماڵپەرەکەمان. هەموو ئەو شتانەمان دەکڕی کە ئەوان دەیانفرۆشت. لە دوو هەفتەی سەرەتای کارکردنماندا دوو ژووری پڕ لە شمەکمان هەبوو کە دەمانکڕین و بەکارمان نەدەهێنان, وەك خاشاك بێسوود بوون بۆ ئێمە بەڵام وامان کرد تاکوو بە خەڵکی بڵێین کارەکانمان زۆر بەسەرکەوتووی بەڕێوە دەچن و ماڵپەڕەکەمان زۆر کارایە.

## زەردەخەنە

لە کەلتووری عەلی بابادا زەردەخەنە زۆر گرنگە. تەنانەت لۆگۆی کۆمپانیاکەمان زەردەخەنەیە. دەمەوێت کارمەند و مشتەرییەکانمان بە زەردەخەنە و ڕوویەکی گەشەوە بگەڕێنەوە ماڵەوە. ناتوانم ڕوخساری هەموو ئەوانەم بیر بکەوێتەوە کە دێنە ناو کۆمپانیاوە, بەڵام بە ڕوخسارە پڕ لە زەردەخەنەکانیاندا دەتوانم کارمەندانی عەلی بابا بناسمەوە.



## شێوازی بازرگانی

هەرچەندە خاوەنی گەورەترین بازرگانی بازاڕگەریی ئەلیکترۆنین لە جیهاندا, بەڵام کۆمپانیایەکی بازاڕگەریی ئەلیکترۆنی نین. ئێمە (ئی بەی) نین. کڕین و فرۆشتن ناکەین. جیاوازیی نێوان عەلی بابا و ئەمازۆن ئەوەیە ئێمە یارمەتی خەڵك دەدەین تا ببنە خاوەنی کۆمپانیای بازاڕگەریی ئەلیکترۆنی و یارمەتیی کۆمپانیاکانی تریش دەدەین تا کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین بکەن. ئێمە دەمانەوێت هەموو کۆمپانیایەك (ئەمازۆن) بێت. چونکە (ئەمازۆن) بازرگانییەکی نەریتییە کە بەڕێکەوت پێگەیەکی دروست کرد و دەستبەکار بووە.

## کۆمپانیایەکی سادەی چینی نییە

خەونمان دروستکردنی باشترین کۆمپانیای جیهان بوو. هەرچەند دەڵێن کە دامەزرێنەری (عەلی بابا) کەسێکی چینییە کەواتە دەبێت کۆمپانیایەکی سادەی چینی بێت, بەڵام ئێمە هیوامان وایە ببێتە کۆمپانیایەکی گەورەی جیهانی بۆ بەکارهێنەران, کارمەندەکان و کڕیارەکان. بڕیارەکان دراون لەسەر بنەمای پرسینی ئەوەی کە چۆن بەرەوپێش بچین, نەك لەسەر بنەمای نرخی پشکەکانمان. ئاواتی (جاك ما) ئەوەیە کە بیسەلمێنێت بەهای کۆمپانیایەکی ئینتەرنێتی لە سەرمایەوە



نایەت، بەڵکوو لە ژیری، ستراتیژییەت، بوێری و کاری بە کۆمەڵەوە دێت.

## جیاواز بیرکردنەوە

کارمەدەکانمان وا ڕاهێنراون بە شێوازی (عەلی بابا) بیر بکەنەوە. گرنگ نییە لە چ شوێنێکی جیهان کار دەکەن. پێویستە ماوەی مانگێك بێن بۆ (هانگ جو) بۆ فێربوونی ئەرك، پەیام، چەمکەکانی بەها و کەلتووری کۆمپانیاکەمان. بەبێ ئەوە ناتوانن ببن بە کارمەندی کۆمپانیاکەمان. ماوەی دوو کاتژمێرمان پێویستە تا بە کارمەندە مەشقپێکراوەکانمان بڵێین هەڵسوکەوتەکانیان ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوەیانە. زۆربەی کات فرۆشیارەکان بیر لەوە دەکەنەوە چۆن (پێنج یەن) لە گیرفانی تۆوە ببەن و بیخەنە گیرفانی خۆیانەوە. بەلام فرۆشیارەکانی عەلی بابا پێویستە وا بیر بکەنەوە چۆن ئەو (پێنج یەن)ە لە گیرفانی تۆدا بهێڵنەوە و زیادی بکەن بۆ (پەنجا یەن). هەر ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەشە وای کردووە ئێمە جیاوازتر بین لەوانی تر.



## تەرکیز

تەرکیزمان لەسەر بازرگانی ئـەلیکترۆنی هەمیشـەییە. لـە دە ساڵی ڕابردوودا و هەتا ئێستاش بەبـەردەوامی تـەرکیزمان لەسـەر بازرگانی ئەلیکترۆنی و کۆمپانیـا بچوك و مامناوەندەکانـە. لەبـەر ئەوەی سەرنجی چواردەورەکەمان دەدەین کەواتـە بۆ ماوەیـەکی دوورودرێـژ کـار دەکـەین و بـەردەوام دەبـین. چـونکە لـە هەڵـەی ئـەوانی تـرەوە فێـر دەبـین و لـە سـەرکەوتنەکانیانەوە پـەرە بـە خۆمان دەدەین.

## ئافرەت و بازرگانی

یەکێك لە نهێنییـەکانی سـەرکەوتنی (عـەلی بابـا) ئەوەیـە کـە ژمارەیەکی زۆر کارمەندی ئافرەتی هەیە. ٤٧٪ ی کارمەندەکانمان ئافرەتن. هەر چـەندە پێشـووتر ٥١٪ ئـافرەت بـوو، بـەڵام کاتێـك هاوبەشیمان لەگەڵ چەند کۆمپانیایـەکی تـردا کـرد ئـەوان ڕێـژەی کارمەنـدی پیاویـان زیـاتر بـوو، هـەر بۆیـەش ڕێـژەی ئـافرەت لـە کۆمپانیاکەمانـدا کـەمی کـرد. ئێسـتاکە ٣٣٪ی بەڕێوەبـەر و کارگێڕەکانمان ئافرەتن، ٢٤٪ی بەڕێوەبەرە باڵاکانمـان ئـافرەتن. ئافرەتمان هەیە لە پلەی (سەرۆکی بەڕێوەبردن، سەرۆکی دارایـی، سەرۆکی دەستکەوتەکانی کڕین و فرۆشتن).

گەر بتەوێت کەسێکی بـراوە بیت لـە سـەدەی ٢١دا پێویسـتە کەسانی تریش بەهێز بکەیت. کەسانی تر بەهێز بکە تا دڵنیا بیت



کەسانێك هەن لە تۆ باشترن بەم جۆرەش تۆ زیاتر هەوڵ دەدەیت و سەرکەوتوو دەبیت. ئەم بەهرەیەش زیاتر لە ئافرەتاندا بەدی دەکەم چونکە ئەوان زیاتر بیر لە کەسانی تر دەکەنەوە وەك لەوەی بیر لە خۆیان بکەنەوە.

## پەیوەندی لەگەڵ حوکوومەت

کاتێك پرسیارم لێ کرا دەربارەی تێکەڵاویمان لەگەڵ حوکوومەت، ئەوەم ڕوون کردەوە کە هەرگیز یەك سەنتم وەرنەگرتووە نە لە حوکوومەت نە لە بانکە چینییەکان. هەر بۆیەش زۆر سەربەخۆم. لەگەڵ دەستەکەم وتەیەك هەیە کە هەمیشە جەختی لەسەر دەکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە: "هەرگیز بازرگانی لەگەڵ حوکوومەتدا مەکەن. حوکوومەتت خۆش بوێت بەڵام لەگەڵی تێکەڵ مەبە." ئێمە هەرگیز هیچ کار و پڕۆژەیەك بۆ حوکوومەت ناکەین. گەر بێتوو حوکوومەت پێم بڵێت "جاك دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت؟" ئەوا دەڵێم باشە هاریکاریتان دەکەم کەسانێکتان پێ دەناسێنم کە ئارەزوو دەکەن لەگەڵ ئێوە کار بکەن. بەڵام گەر هەر سوور بن لەسەر ئەوەی خۆم یارمەتیتان بدەم، ئەوا بێبەرانبەر یارمەتیتان دەدەم. بەس بەو مەرجەی جارێکی دی نەیەنەوە بۆ لام و هیچ داوایەکم لێ نەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە پەیوەندییەکی باش و دۆستانەمان لەگەڵ حوکوومەتدا هەیە.



## شارەزایی و ئەزموونی بەکارهێنەر

ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرەکەم بۆ دوو مەبەست بەکار دەهێنم بۆ ئیمەیڵ و گەڕان بەدوای زانیاریدا. جگە لەوە هیچ کارێکی دیکەی پێ ناکەم تەنانەت سەیری فلیمیشی پێ ناکەم. داوای تەکنۆلۆژیایەك لە ئەندازیارەکانم دەکەم کە خزمەتی پێویستییەکانی خەڵك بکات. گرنگ نییە تەکنۆلۆژیا چەندێك ئاستی بەرز بێت گەر بێتوو لە ئاست خزمەتکردنی خەڵکدا نەبێت و نەتوانن بەکاری بهێنن ئەوا تەکنۆلۆژیایەکی بێسوودە.

بۆچی تەکنۆلۆژیای ئێمە زۆر بەربڵاوە لەناو خەڵکدا؟ چونکە خۆم (کۆنترۆڵی جۆری)ی کۆمپانیاکەمم. هەر پرۆگرامێك ئەندازیارەکانم دایبنێن دەبێت یەکەم کەس خۆم تاقی بکەمەوە. گەر من بەو شارەزاییە کەمەی لە تەکنۆلۆژیادا هەمە نەمتوانی ئەو پرۆگرامە بەکار بهێنم ئەوە پرۆگرامێکی بێسوودە. چونکە ئەوە واتە من و ئەو ٨٠٪یەی خەڵك کە کەسانی ئاساییین و شارەزاییان لە تەکنۆلۆژیادا کەمە ناتوانین سوود لەو پرۆگرامە وەربگرین. ئامانجی من ئەوەیە خەڵك بتوانن پرۆگرام و تەکنۆلۆژیای ئێمە ئەوەندە بەئاسانی بەکار بهێنن پێویستیان بەوە نەبێت ئەو نامیلکەی بەرچاوڕوونییە بخوێننەوە کە بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی بەکارهێنانی پرۆگرامەکە دامانناوە.



## گۆڕانکاری

بەم دواییيانە زوو زوو گۆڕانکاری لە دەستەی کارمەندانی کۆمپانیادا دەکەین. زۆر کەم گلەییم لێ دەکرێت سەبارەت بەم گۆڕانکارییە خێرایانە. ئەم ساتە وەختەی تیایدا دەژین شتەکان زۆر بەخێرایی دەگۆڕێن. ستافی کۆمپانیای (عەلی بابا) یش پێویستە پێشوازی لەم گۆڕانانە بکات و پێیان قایل بێت و ئامادە بێت بۆ ئاڵنگارییەکانی ئەم هەموو گۆڕانکارییە.

## کەلتووری کۆمپانیا

تا ئەم ساتەش (عەلی بابا) لەسەر پێیەکانی خۆی وەستاوە و نەکەوتووە, نەك لەبەر ئەوەی قازانجێکی زۆری هەیە یاخود دەستەی کارمەندەکانی لێهاتوون. بەڵکوو لەبەرئەوەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە تەرکیزمان خستووەتە سەر هەبوونی نەخشە پلان, ستراتیژی, بونیادنانی سیستم, مەشقکردن بە تیمەکەمان و کەلتووری کۆمپانیاکەمان.

## تێڕوانین بۆ داهاتوو

ئێمە دەمانەوێت کۆمپانیایەك بونیاد بنێین ١٠٢ ساڵ بمێنێتەوە. خەڵکی بەپەرۆشن بزانن بۆچی ١٠٢ ساڵ؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە (عەلی بابا) لە ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە, کەواتە لە سەدەی پێشوودا ساڵێکمان هەبووە. ئەم سەدەیە ١٠٠



ساڵمان هەیە, دەمانەوێت لە سەدەی داهاتووشدا ساڵێك خزمەت بکەین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە (عەلی بابا) ماوەی سێ سەدە بوونی هەبووە.

## بەدەستهێنانی ماڵپەڕی یاهۆ لەلایەن چینەوە!

دامەزرێنەری ماڵپەڕی یاهۆ (جێری یانگ) پەیوەندی پێوە کردم گوتی: "جاك, دەتوانیت ئەمشەو بێیت و پێکەوە خواردنەوەیەك بخۆینەوە؟ بۆ کۆتا هەوڵی ڕازیکردنت بە کڕینی پشکەکانی یاهۆ." منیش وتم "باشە".

بردمی بۆ خواردنگەیەکی بچوکی یابانی, پەرداخێکی گەورە شەرابی بۆ کڕیم. دەمانخواردەوە و ئەویش هەوڵی قایلکردنی دەدام بۆ کڕینی هەندێك لە پشکەکانی (یاهۆ) بەوەی کە باسی یاهۆی دەکرد و دەیوت کە یاهۆ چەندە سەرسوڕهێنەرە. پاش تەواوکردنی خواردنەوەکە ڕێك کەوتین قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین. بەو شێوەیەش ئەو خواردنەوەیە منی قایل کرد بە کڕینی زۆربەی پشکەکانی یاهۆ. ئەوە گرانترین خواردنەوە بوو بە هەموو تەمەنم خواردبێتمەوە, هەر بۆیەش لەو کاتە بەدواوە زۆر هەستیارم بە خواردنەوە.



## ڕۆژی بازاڕکردن

هەموو ساڵێك ڕێکەوتی ١١\١١ ڕۆژی بازاڕکردنە لە چین. ئەم ڕۆژە ڕۆژی فرۆشتن نییە بە شێوازی ئۆنلاین. بەڵکوو ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە وەبەرهێنەکان و بازرگانەکان تێکەڵی کڕیارەکان دەبن. بەم شێوەیەش هەموو ساڵێك کڕیارەکان بە داهێنان و بەرهەم و گۆڕانکارییە نوێیەکان ئاشنا دەبن. پێم وایە ئەگەر ساڵانە ئەمە بکرێت ئەوا نەك تەنها بەرهەمە چینییەکان بەڵکوو بەرهەمەکانی فلیپین, کینیا, ئەفریقا, ئەرجەنتین و هەموو ئەم نەتەوانە بە ئەمریکییەکان دەناسێندرێن و ئەمەش کارێکی ناوازە دەبێت.

ڕۆژی بازاڕکردن ڕۆژێکی زۆر تایبەتە. ئێمە دەمانەوێت لەم ڕۆژەدا هەموو وەبەرهێنەکان و دوکاندارەکان سوپاسگوزاری کڕیار و موشتەرییەکان بن. دەمانەوێت کڕیارەکان ڕۆژێکی خۆشیان هەبێت. چونکە ئەم ڕۆژە تایبەتە بەوان. هەرچەندە لەوانەیە لەم ڕۆژەدا جیاوازییەکی گەورە ڕوو نەدات لە (ڕێژەی فرۆش)دا, بەڵام خودی ئەم بۆنەیە و واتاکەی خۆشییەکی گەورەن بۆ چین.



## کۆلێژی عەلی بابا

پاش ئەوەی کڕیارەکان دەبن بە مشتەری ئێمە ئارەزوو دەکەن بەشداری لە خوولی ڕاهێنانی (عەلی بابا)دا بکەن. کۆلێژێك دروست دەکەین تایبەت بێت بە کۆمپانیای عەلی بابا بۆ مەشق و ڕاهێنانکردن بە کارمەند و مشتەرییەکانمان. دەمانەوێت مشتەرییەکانمان لەگەڵ ئێمە گەشە بکەن. کڕیارەکانمان دەتوانن مانگانە سەردانمان بکەن یاخود ئێمە دەچینە شارە جیاوازەکانی ئەوان و کۆیان دەکەینەوە بۆ مەشقپێکردنیان.

بابەتی خوولی ڕاهێنانەکانیشمان بریتین لە ڕوونکردنەوەی شێوازی بەکارهێنانی بەرهەمەکانمان، شێوازی کارگێڕیی کارکردنمان، گەشەسەندنە نوێیەکانمان و هتد...

## تاوباو

ئەو خێراییە بەرچاوەی ماڵپەڕی (تاوباو) ی پێ بڵاو بوویەوە بووە هۆی سەرسامکردنی هەموو میدیا ئەمریکییەکان چونکە ئەوان پێیان وا بوو ماڵپەڕێکی بەهێزی وەك (ئی بەی) هەرگیز نابەزێندرێت. پێیان وا نەبوو ماڵپەڕێکی چینی ئەوەندە بەخێرای بڵاو ببێتەوە و بتوانێت ڕکابەری ماڵپەڕە سەرەکییەکانی وەك (ئی بەی و یاهۆ) و ئەوانی تر بکات. بەڵام هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی بەکارهێنەرانی تاوباو وای کرد لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان بە تێڕوانینێکی نوێوە لە ئێمە بڕوانن. ئەو کێبڕکێ گەرمەی نێوان



کڕیارەکان لە چین زۆر خێراتر بوو لە هەرشتێکی تر کە ئەوان پێشبینییان دەکرد.

## عەلی پەی

گفتوگۆ و ئاخاوتنمان لەسەر بیرۆکەی دروستکردنی (عەلی پەی) کرد و خۆشبەختانە وەك دەبینن ئێستاکە زۆر سەرکەوتووە. هەر چەندە لە ساتەوەختی دروستکردنیدا ئەوە شتێکی قورس بوو, چونکە کێشەی مامەڵەکردنەکانی (تاوباو) چارەسەر نەکرابوو کە کێشەی تۆمارکردن و پارەدان بوو بەشێوەیەکی پارێزراو و دوور لە هەر جۆرە هێرشێکی ئەلیکترۆنی. بانکی ناوخۆیی ئامادە نەبوو خۆی لەم بابەتە تێوە بگلێنێ, هەر بۆیەش پەنامان بردە بەر بانکە بیانییەکانی وەك (سیتی گرووپ و بانکی هاوبەشی هۆنگ کۆنگ و شەنگەهای).

پارساڵ لەمیانەی کۆبوونەوەیەکماندا, یەکێك لە جێبەجێکارەکانمان لێی پرسیم "ئێوە چۆن داهێنان دەکەن و پلان دادەنێن بۆ داهاتوو؟ ئەوە ئەرکی تۆیە جاك ئەوە بکەیت" هەر لە ڕێی ئەو پرسیارەوە بوو کە ئێمە بە شێوەیەکی ڕوون گفتوگۆمان دەربارەی (عەلی پەی) کرد و پاشان کردمان بە ڕاپۆرت و ڕەوانەی دەستەی کارگێڕیمان کرد و لە ئەنجامدا دروستمان کرد.



## وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستیدا

ئێستاکە چین دوچاری کێشەیەکی زۆری تەندروستی بووەتەوە بەهۆی پیسبوونی هەوا، خواردن و ئاوەوە. دەمانەوێت تەکنۆلۆژیا و زانیارییەکانمان بەکار بهێنین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. هەر لەبەر ئەمەشە پێویستمان بە بەدەستهێنانی پارەیە تا لە ئامادەباشیدا بین بۆ ئەو ڕووداوانەی لە ١٠ ساڵی داهاتوودا ڕوو دەدەن، ئەو کاتەی کە چین لە کێشەدا دەبێت پێویستە ئێمە بوونمان هەبێت و ڕۆڵی کاریگەرمان هەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا.

## وەبەرهێنان لە بەختەوەریدا

گەر سەرنجی ڕۆژگاری ئەمڕۆی جیهان بدەین و بەتایبەتیش چین، دەبینین دەوڵەمەندەکان بەختەوەر و دڵخۆش نین. هەژارەکانیش بە هەمان شێوە بەختەوەر نین. تەنانەت فەرمانبەرە حوکمییەکانیش بەختەوەر نین. من دەمەوێت هاوڵاتیانی چین چێژ وەربگرن لە خۆشی ئامێرە دیجیتاڵییەکان، فلیمەکان، شانۆ، بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و هەموو ئەو ئامێرە دیجیتاڵیانەی کە وا لە گەنجانی چین دەکەن چێژ لە ژیانیان ببینن و بە ئومێدەوە بڕواننە داهاتوو.



# بەشی چوارەم
# سەرکردایەتیکردن

## بونیادنانی دەستەی بەڕێوەبردن

سەرپەرشتیکردنی دامەزراوەمان پشت بە لێهاتوویی و توانای بەڕێوەبەرەکەی دەبەستێت نەك بە ڕێژەی ئەو پشکانەی بەڕێوەی دەبات. دامەزراوەکانتان بونیاد بنێن بە هەبوونی دەستەیەکی بەڕێوەبردنی هۆشیار. ڕێگە مەدەن دەسەڵاتی تەواو بە دەست هیچ کەسێکی ناو دامەزراوەکانتان بێت.

## مەشقکردن بە کارمەندەکان

یەکیکی تر لە ئەرکەکانی سەرکردە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی توانا شاراوە و ناوازەکانی ئەندامەکانی دەستەکەیەتی. هەرگیز لە جیهاندا هیچ کارمەندێکی خراپ بوونی نییە, تەنیا سەرکردەی خراپ و سیستمی خراپ بوونیان هەیە. ئەوە ئەرکی تۆیە وەك سەرکردە کە پەرە بە توانای شاراوەی کارمەندەکانت بدەیت تا لەدەستیان نەدەن و مەشق بە کارمەندەکانت بکەیت. لە چاوی سەرکردەیەکی ئاساییدا هەموو کارمەندەکان باشن. لە چاوی سەرکردەیەکی کارامەدا هەموویان خراپن. بەڵام سەرکردەی باش توانا و بەهرە ناوازەکانی کارمەندەکانی دەدۆزێتەوە و سوودیان لێ وەردەگرێت.



## ستایشکردنی کارمەندەکان

لە ئۆفیسەکەمدا نووسراوێکی وەبیرهێنەرەوەم بە دیوارەکەدا هەڵواسیووە کە هەموو ڕۆژێك دەیخوێنمەوە, وتەیەکی ڕۆماننووسی هونەری سەربازی (جین یانگ)ە, کە دەڵێت: "سەرکردە مەزنەکان دەزانن چۆن پارێزگاری لە گەوهەرەکانی چواردەوریان بکەن." هەر بۆیەش پێویستە خاوەنکار سوپاسگوزاری ئەو کەسانە بێت کە لە چواردەوریدان و کاری بۆ دەکەن.

## هێڵکاریی ڕێکخراوەیی

هێڵکاریی ڕێکخراوەیی لە کۆمپانیاکەی ئێمەدا پێچەوانەی کۆمپانیاکانی ترە. لە هێڵکاریی ئێمەدا کڕیار لە لوتکەدایە, کارمەندەکانمان لە خوارەوەی کڕیارەکاندان, پاشان بەڕێوەبەرەکان, جێگری سەرۆك, من و جێبەجێکارەکان لە هێڵی ژێرەوەداین. واتە لە هێڵکاری ڕێکخراوەی ئێمەدا جێگری سەرۆك سەرۆکی منە, بەڕێوەبەرەکان سەرۆکی جێگری سەرۆکن, کڕیارەکانیش سەرۆکی کارمەندەکانن. کەواتە من وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکار ڕۆڵی (گۆڵپارێز)م هەیە لەم تیمەدا. ئەگەر گۆڵپارێزەکە کێشەیەکی بینیی لە تیمەکەدا ئەوا گرنگ نییە شارەزای و لێهاتووییان چەند زۆرە چونکە ئەوە واتای ئەوەیە ئەوان لە کێشەدان و پێویستە چارەسەری بکەن.



## گیانی هاوکاری

بازرگانییە چینییەکان پێویستە گرنگییەکی زۆر بدەن بە گیانی هاوکاریی نێوان کارمەندەکانیان. هەرەوەزیکردن لە کاری بەکۆمەڵەوە دێت. گەر بێتوو تۆ وەك بەڕێوەبەری گشتی کارەکانت بە هەرەوەزی نەکەیت و خۆت بە گەورەی هەمووان بزانیت ئەوا لە سەرەنجامدا شکست دەهێنیت.

## بوون بە سەرکردە

بۆ بوون بە سەرکردە پێویستە دووربین, مێشکفراوان و بەتوانا بیت. هەوەها توانای مامەڵەکردنت لەگەڵ کەسانی تردا پتەو بێت. پێم وایە تەنها بە هەبوونی ئەو پێوەرانە دەتوانیت ببیتە سەرکردەیەکی لێهاتوو.

## پێکەنین

کاتێك کارێك بەڕێوە دەبەیت پێویستە پێبکەنیت و دڵخۆش بیت. بۆ ئەمەش پێویستت بە دیدێکی بەهێز و مێشکێکی چالاك هەیە. شانازی بەوەوە بکە کە دەیکەیت, بەتوانا و بەهێز بە. بۆ دڵخۆشبوون و شانازیکردنیش پێویستت بە چاوێکی تیژ و مێشکێکی فراوان هەیە.



## یاریزانانی NBA

سەرکردەی لێهاتوو چاودێریی ئەو کەسانە دەکات لەژێر دەستیدان. زۆر ئاساییە گەر لەنێوان پاڵێوراوەکانتدا ململانێ و تێکۆشان هەبێت. گەر بێتوو لە ماوەی ٦ مانگدا گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ نەبێت لەنێوان ئەندامەکانتدا ئەوا دوچاری کێشە دەبیتەوە لە دامەزراندنی کەسانی شارەزادا.

هەر سەرکردەیەك پێویستە بگەڕێت بەدوای باشترین شتەکانی ناخی کەسەکان. خاڵە بەهێزەکانیان دەستنیشان بکات, تەنانەت گەر هاتوو خودی ئەو کەسە خۆیشی پێشتر درکی بەو توانا شاراوەیەی نەکردبوو کە هەیەتی, ئەوا دەبێت تۆ وەك سەرکردەیەك ئەم توانا شاراوەیەی بدۆزیتەوە. چونکە درکپێکردن و برەودان بەم تواناییانە زۆر گرنگە بۆ بەهێزی دەسەڵاتەکەت. ئەوەی منی هان دا تا بیر لەم بابەتە بکەمەوە, سەیرکردنی یارییەکانی خووڵی باسکەی (NBA) بوو. یاریزانانی یاری باسکە ئاستیان بەرەوپێش دەچێت چونکە هەر ١٢ یاریزانەکەی هەر تیمێك دەیانەوێت لە گۆڕەپانەکەدا بوونیان هەبێت. هەموویان پێیان وایە ئەوان یاریزانی باشن و دەتوانن بەشداری یارییەکە بکەن, ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گوشاری هاوەڵان واتە هەموویان تێدەکۆشن تاوەکوو بەشداری یارییەکە بکەن.

ئەگەر لە کۆمپانیاکەتدا سیستمێکی لەم چەشنەت هەبێت, کە هیچ گەرەنتییەك نەبێت بۆ مانەوەی کەسانی کەمشارەزا و مانەوە



بەند بێت لەسەر ئەدای کارکردن، ئەوا دەتوانیت ببیتە خاوەنی دەستەیەکی باشی (کارمەند و کارگێڕی) بۆ کۆمپانیاکەت.

## تێڕوانین، دڵ، هێز

هونەری بوون بە سەرکردە سێ خاڵە ئەوانیش: تێڕوانین، دڵ، هێز. تێڕوانین گرنگە چونکە ئەوەی لەمیانەی گەشتێکی هەزار میلیدا فێری دەبیت بەهۆی بینین و سەرنجدانەوە، زۆر لەوە زیاترە کە خوێندنەوەی هەزار پەرتووک فێرت دەکات. فێربوون لەوەی کە دەیبینیت وات لێ دەکات لە کەسانی تر دووربینتر بیت. لەوانەیە تۆ دەسەڵاتدارترین کەسی شارۆچکەکەی خۆت بیت بەڵام کاتێک دەچیتە شارێکی گەورەی وەک شەنگەهای درک بەوە دەکەیت کە کەسانی تر هەن لە تۆ دەسەڵاتدارترن. کاتێک سەردانی تۆکیۆ و نیویۆرک دەکەیت ئەوەندە کەسی دەسەڵاتدار دەبینی کە هەر لە ژماردن نایەت. هەر بۆیەش هەتا تێڕوانینت فراوانتر بێت خەڵکانی تر دێن تا پێت سەرسام بن. سەرکردە پێویستی بە هەبوونی دڵ و دەروونێکی بەهێزە. ڕێژەی (٩ لە ١٠) ی کەسە بەهرەمەندەکان کەسانی دەگمەنن. پێویستت بە دڵێکی فراوانە تا بەرگەی ئەم جۆرە کەسانە بگریت، چونکە ئەو سرووشتە دەگمەنەی ئەوان هەیانە وایان لێ دەکات وا بیر بکەنەوە ئەوان هەمیشە باشترین دەبن لە هەر شتێکدا کە بیکەن. هەندێک کەس زۆر ساویلکەن چونکە دەستەوەستانن و بە



شتانێکی زۆر ساکار و هیچ تورە دەبن. سەر لە خۆیان دەشێوێنن چونکە دڵفراوان نین و ناتوانن شتەکان قبووڵ بکەن و بەرگە بگرن.

## ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگ و چەڵەمەکان

بەدڵنیاییەوە (عەلی بابا) یش بە بارودۆخی زۆر سەختدا تێپەڕیووە. هەر لەبەر ئەمەیشە هێندە کێشم کەمە کە بگرە ماوەی پێنج ساڵە یەك کیلۆیش زیادم نەکردووە. پێشووتر پێم وا بوو کاتێك کۆمپانیا گەشەی کرد بەڕێوبەرەکەی کەمێك پشوو دەدات و زۆر ماندوو نابێت. بەڵام لەڕاستیدا وا نییە چونکە من ئێستا بە جۆرێك ماندووم کە پێشووتر هەرگیز وا نەبووم. بەڕێوەبەرەکان هەمیشە ڕووبەڕووی قەیران دەبنەوە پاشان بە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانە دەگەنە دەرەنجامێکی باش. هەر بۆیەش باشتر وایە ڕۆژانە کار لەسەر ئیشەکانت بکەیت و کێشە بچوکەکان چارەسەر بکەیت پێش ئەوەی ببن بە کێشەی گەورە و چارەسەرکردنیان ئەرکێکی سەخت بێت. چونکە هۆکاری هەر قەیران و کێشەیەکی گەورە کۆمەڵێك کێشەی بچوکی چارەسەرنەکراوە.



## سەربازەکان پێویستیان بە هەبوونی دووربین نییە

لە جەنگدا, سەربازەکان نابێت دووربینیان پێ بێت. چونکە گەر پێیان بوو ئەوا دەتوانن ئاگاداری هەموو جوڵەیەکی دوژمن بن, کاتێک فەرماندە بڕیاری هێرش دەدات, سەربازەکان لە وەڵامدا پێی دەڵێن:" قسەی بێمانا دەکەیت فەرماندە چونکە ئێمە بەهۆی دووربینەکانمانەوە لەشکری بەرانبە دەبینین کە سێ ئامێری پڕچەکیان پێیە, لەبریی هێرشکردن دەبێت بکشێینەوە." بەم جۆرەش هەرکەس لە جێی خۆیەوە دەبێت بە فەرماندە و کەس پەیڕەوی فەرمانەکان ناکات.

ئەم بارودۆخە بۆ کاریش هەمان شتە, پێویستە سنورێك هەبێت لەنێوان سەرۆککار و کارمەندەکاندا. گەر وا نەبێت ئەوا هەموویان خۆیان بە سەرۆك دەزانن و کەسێك نامێنێت تا ئەرکەکان جێبەجێ بکات.

## تەنهایی

کاتێک دەبیت بە سەرکردە زۆر تەنها دەبیت بە جۆرێك تەنانەت جێگرەکانیشت ناتوانن بەو چەشنەی تۆ مەبەستتە لێت تێ بگەن. کاپتن کاتێک کەشتییەکەی بەناو دەریادا دەڕوات هەندێك جار لەبریی هەمووان خۆی بە ستوونی سەر کەشتییەکەدا سەر دەکەوێت تا ببینێت با لە چ ئاڕاستەیەکەوە هەڵدەکات, بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کەشتییەکە و سەرنشینەکانی پارێزراو



دەبن لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو. من وەك دامەزرێنەری گرووپی کۆمپانیاکانی (عەلی بابا) پێویستە لە خەمی ئێستا و داهاتووشدابم بۆ ئەوەی بزانم چ سیستمێك ڕاستە و چ شتێك باشە بکرێت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی. ڕەنگە سەرکەوتنی ئەمساڵ شکستیساڵێکی تر بێت. کەواتە ڕنگە بڕیارەکانی ئێستات ڕوون نەبن هەتا کاتی خۆی. بەلأم ناتوانین چێژ لە سەرکەوتن ببینن گەر بەرپرسیارێتی شکست هەڵنەگرین.

## بڕیارەکان و هەڵەکان

پێویست ناکات هەموو کاتێك وەك سەرکردە هەڵسوکەوت بکەیت تەنها لە دوو بارودۆخدا نەبێت: یەکەم: کاتێك بڕیارێك دەردەکەیت. دووەم: کاتێك هەڵەیەك دەکەیت.

کاتێك هەڵەیەك دەکەیت مەیخەرە ئەستۆی کارمەند و جێگرەکانت, چونکە ئەوە هەڵەی تۆیە و پێویستە دانی پێدا بنێیت. سەرکردە نابێت هەمیشە داوای سەرکەوتن بکات, بەڵکوو کە هەڵەیەکیش هەبوو پێویستە قبووڵی بکات.



## بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕیی کاردا

پارساڵ چوار لە هاوکارەکانم ناردەوە بۆ خوێندنی بڕوانامەی ماستەرەکەیان لە کارگێڕیی کاردا. یەکێکیانم ناردەوە بۆ زانکۆی (هارڤارد) و ئەو سیانەکەش بۆ (وۆرتن). پێم وتن,"گەر گەڕانەوە و هیچتان بیر نەمابوو لەوەی کە لە بەرنامەی بڕوانامەی ماستەرەکە فێری بوون, ئەوا پیرۆزە ئێوە خوێندنەکەتان بەسەرکەوتووی تەواو کردووە. بەلاّم گەر هاتنەوە و هێشتا پەیوەست بن بەو یاسا و پێوەرانەی لە زانکۆ فێری بوون, ئەوا دەبێت بەردەوام بن لە خوێندنەکەتان. پاش دوو ساڵ لە خوێندنی ماستەر لانی کەم پێویستت بە نیو ساڵ هەیە بۆ لەبیرکردنی هەموو ئەو شتانەی لەوێ فێری بوویت. کە ئەوانەشت لەبیر کرد ئەوا تۆ کەسێکی سەرکوتوویت چونکە سەرکەوتن ئەوەیە کە خۆت وابەستە نەکەیت بە یاسا و پێوەرەکانی بڕوانامەکەتەوە."



# بەشی پێنجەم
# سەرکەوتن وشکست

## ئەو وانانەی ساتە سەختەکان فێریان کردم

ئەو وانانەی ساتە سەختەکانی (عەلی بابا) فێریان کردم، ئەوەیە کە دەبێت وا بکەیت دەستەکەت هەمیشە سێ شتی هەبێت ئەوانیش: بەها، نوێخوازی و تێڕوانینن. هەروەها ئەگەر کۆڵ نەدەیت ئەوا هەر دەرفەتی سەرکەوتنت بۆ دەڕەخسێت. بۆ ئەوەی خۆت بسەلمێنیت و سەرکەوتوو بیت پێویستە تەرکیزت لەسەر تواناکانی مێشکت بێت نەک هێزی بازووت،

## بەڕێوەبەری جێبەجێکاریش هەڵە دەکات

هیچ بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکار نییە هەڵەی نەکرد بێت. هەموو کەسێکی سەرکەوتوو تووشی بێئومێدی بووە و هەڵەی کردووە.

## فێربوون لە ئەزموونەوە

زۆر ئاسانە کە دەست بکەیتە بازرگانی. وەک ئەوە وایە لە تاریکیدا بیت و بەدوایی ڕووناکییەکدا بگەڕێیت تا ڕێیەریت بکات. ١٠ ساڵی خایاند تا بتوانم دەربارەی پلان و تاکتیکەکانی بازرگانی قسە بکەم. پێم باشە ڕوونکردنەوە بدرێت لەسەر ئەوەی بۆچی



زۆرینـــەی بازرگانییـــەکان فەشـــەل دەهێـــنن وەك لـــەوەی باســـی ســـەرکەوتووەکان بکرێـــت. خـــەڵکی پێیـــان وایـــە ئـــەوە ســـەرکردایەتیکردنەکەی منـــە وەك (جـــاك مـــا) کـــە عـــەلی بابـــای هێشتووەتەوە. ئەوە ڕاست نییە چونکە مـن بـەو ڕادەیـە لێهـاتوو نیم کە ئەوان پێشبینی دەکـەن, بـەڵام مـن کەسێکم بەباشـی لـە ئەزموونەکانمـــەوە فێـــر دەبم و هەمیشـــە هـــەوڵ دەدەم بـــۆ سەرکەوتنی زیاتر.

## چوار خاسیەتەکە

چـوار خاسـیەتی پێویسـتی پەیوەسـتمان هەیـە بـە بـەهرە و توانـاوە ئـەوانیش: متمانـە, گیـانی هاوکـاری, خۆگونجانـدن و گەشبینین.

## دانانی ئامانجی ڕاستەقینە

تا ئێستاش جیاوازی گـەورە هەیـە لـەنێوان کۆمپانیـا چـینی و نێودەوڵەتییەکانـدا. لـە کاتێکـدا کۆمەڵگـەی ڕۆژئـاوایی بـەدوایی کۆمپانیای گـەورەدا دەگـەڕێن. لێـرە لـە کۆمەڵگـە مێرولەییـە ١.٣ بلیۆنیەکەی ئێمە کۆمپانیای قەبارە بچوك و مامناوەند هەیە. بـەم جۆرەش داهاتوویـەکی باشمـان دەبێـت, چـونکە ژمارەیـەکی زۆر لـەم کۆمپانیایانـە بازرگـانیی گـەورە بـەڕێوە دەبـەن. کەواتـە بۆئەوەی بگەیتە ئامانج پێویستە ئامانجدار بیت. بەڵام وریا بـە لـە



دیاریکردنی ئامانجەکەت. گەر بێتوو ئامانجی خەیاڵی و ناڕاستت هەبێت وەك ئەوەی پێشبینی بکەیت سبەینێ بایی یەك ملیار دۆلار فرۆشت هەبێت ئەوا تەنها خۆت ماندوو دەکەیت و شکست دەهێنیت, چونکە ئەوە ئامانجێکی خەیاڵییە. بەڵام گەر ئامانجەکەت ئەوە بێت کۆمپانیاکەت بکەیت بە کۆمپانیایەکی پلە یەك بەبێ پشتبەستن بە داهاتی خەیاڵی و ڕێژەی فرۆشی ناڕاست, ئەوا دەتوانین لە وڵاتی چیندا سوپایەکی مێروولەی ١.٣ بلیۆنی هۆشیارمان هەبێت کە ئامادە بن بۆ بارکردنی فیلە گەورەکان. واتە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای قەبارە بچوك و مامناوەندی خاوەن ئامانجی ڕاستەقینە دەتوانێت ڕکابەری تەواوی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بکات.

## دڵخۆشیی کارمەندەکانت

گرنگترین هۆکار بۆ گەشەسەندنی کۆمپانیا لە سەدەی ٢١ دا کارمەند و کرێکارەکانن. بە ڕێز و ڕەوشتەوە مامەڵیان لەگەڵدا بکەن. چونکە ڕازیبوونی کامەندەکانت لە کۆمپانیاکەت و دڵخۆشبوونیان لە کارکردن لەگەڵ تۆدا هۆکاری بەرەوپێشچوونی کۆمپانیاکەتە.



## چارەسەرکردنی قەیرانەکان

بازرگانیی ئەلیکترۆنی دەتوانێت خزمەتێکی گەورە بکات بە داهاتوو. بەڵام لەم خزمەتکردنەش چ زوو یاخود درەنگ دوچاری گرفت دەبێت. ئەو کێشەیەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەئازار دەبێت بۆ ئەمڕۆ و بەئازارتریشە بۆ سبەینێ بەڵام دەگۆڕێت بۆ شتێکی جوانتر و چارەسەر دەبێت لە بەرەبەیانی دووسبەیدا. کەواتە بەردەوام بە و کۆڵ مەدە. هەمیشە لە ئامادەباشیدا بە بۆ خراپترین ئەو شتانەی ڕەنگە سبەینێ ڕوو بدەن، چونکە ئەو خۆرەی سبەینێ ئاوا دەبێت دووسبەی هەڵدێتەوە.

## ئەرێنی بە

من بەهرەدارترین کەس نیم. ڕووخسارم، تواناکانم، ئاستی خوێندەواریم پەسەندترینەکانی کۆمەڵگە نین. بەڵام لە سروشتی مرۆڤ تێ دەگەم، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت پێویستە هەستە نەرێنییەکانی کۆنترۆڵ بکات و ئەرێنی بێت. هۆکاری ئەرێنی بوونی من گیانی هاوکاری و هاوبەشیکردنی کارەکانمە لەگەڵ کەسانی تردا.



## کۆششکردن

هەرچەندە کۆمپانیاکەم گەورەترین خزمەتگوزارییەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پێشکەش دەکات، بەڵام خودی خۆم هیچ شتێك دەربارەی کۆمپیوتەر نازانم. وەك هەمیشە بە هەمووان دەڵێم "مادام جاك ما توانی سەرکەوتوو بێت ئەوا ٨٠٪ ی ئێوەش دەتوانن بە هەوڵدان و کۆششکردن سەرکەوتن بەدەست بهێنن."

## فێربوون لە شکستەوە

گەر پەشیمان بیت لە شکستهێنانت نەك هۆکاری شکستەکانت. ئەوا هەمیشە لە پەشیمانیدا دەبیت. چونکە پێویستە لە شکستەکانتەوە فێر ببیت و کۆششی زیاتر بکەیت بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانت.

## نەترسان لە هەڵەکردن

پەککەوتنی توانا هزرییەکان بەهۆی ترسەوەیە لە شکست. تەنانەت لە بواری بازرگانیشدا ترس دەبێتە هۆی داڕووخانی کۆمپانیا گەشەسەندووەکان. ئەمڕۆ هەڵە بکە، سبەینێ فێر ببە و گەشە بکە، بەڵام لە هەر هەڵەیەکەوە شتێك فێر ببە و هەرگیز هەمان هەڵە دووبارە مەکەرەوە.



## شكست دروستكەری سەركەوتنە

هێز لە شكستەوە دروست دەبێت. گەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بە لووتبەرزییەوە باسی سەركەوتن و دەستكەوتەكانم بكەم بۆ نەوەكانم ئەوا دەڵێن. "جا ئەوە چ گەورەیییەكی تێدایە؟ تۆ تەنها بازرگانی ئۆنلاینت كردووە و سەروەتت پێ پەیدا كردووە." بەڵام گەر باسی شكست و هەڵەكانمیان بۆ بكەم كە بوون بە هۆكاری سەركەوتنم ئەوا بە سەرسوڕمانەوە لێم دەڕوانن و بابەتەكەیان لا بەنرخ دەبێت. سەركەوتن بەهۆی ئەو ئەزموونانەوە دروست دەبێت كە لە هەڵەكانمانەوە فێریان دەبین.

## لە قەیرانەكاندا بیر لە كڕیارەكان بكەرەوە

كاتێك گرفتێك دێتە پێش بیر لە كڕیارەكانت بكەرەوە, پاشان لە كارمەندەكانت, پاشان لە ڕكابەرەكانت. هەرچەندە وا باشترە بیر لە ڕكابەرەكانت نەكەیتەوە چونكە پێویستە سەرەتا كێشەكانی خۆت چارەسەر بكەیت. كاتێك گرفتێك ڕوو دەدات بیر بكەرەوە چۆن كاردەكاتە سەر كڕیار و كارمەندەكانت. ئەگەر كارمەندەكانت زانییان بە شێوەیەكی ڕاست ڕووبەڕووی ئەم بارودۆخە ببنەوە, ئەوا مانەوەی كۆمپانیاكەت مسۆگەرترە.



## بازدانی خێرا

لە سالی ١٩٩٩, ستراتیژییەتی عەلی بابا ئەوە بوو کە بازدانێك بکات و ڕاستەوخۆ لە بازاڕێکی ئینتەرنێتی خۆییەوە ببێتە نێودەوڵەتی. ئەمەمان ناو دەبرد بە "بازدان بەسەر یەکەم تیمی گروپی A دابەشکراو بۆ راستەوخۆ چوونە ناو جامی جیهانی."

هەر چەندە, لە ساڵەکانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠١ عەلی بابا بەناوبانگ نەبوو, سەرنجمان لەسەر ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو, زۆرترین وتاریشم هەر لەوێ داوە. ناخۆشترین ساتم ئەو ساتە بوو کە بەشداری بۆنەیەکم کرد لە ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠٠٠. جێگەمان بۆ ١٥٠٠ کەس ئامادە کردبوو, بەڵام تەنیا ٣ کەس ئامادە بوون. زۆر هەستم بە شەرمەزاری دەکرد بەڵام هەر دەبوو بەردەوام بم لەسەر وتارەکەم و بۆنەکە بەڕێوە ببەم.



# بەشی شەشەم
# ڕکابەریکردن

## قبووڵکردنی ڕکابەریکردن

ڕکابەریکردن پێویستە. ئەمە پرۆسەیەکی بەئازارە کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمپانیاکەت. باشترین ڕکابەر هەڵبژێرە تاکوو ڕکابەری بکەیت لە بواری کاردا, نەك ڕکابەرێتیی کەسی. لەگەڵ ڕکابەرەکانت مەجەنگێ قبوڵیان بکە و بیرۆکەکانیان شی بکەرەوە. هیچ ڕکابەرێك ناتوانێت لەناوت ببات ئەوە تۆیت خۆت لەناو دەبەیت کاتێك شکست قبووڵ دەکەیت.

## چێژ وەربگرە لە ڕکابەریکردن

گەر لێم بپرسن ئایا من حەز بە ڕکابەریکردن دەکەم یاخود نا؟ لە وەڵامدا دەڵێم بەڵێ, چونکە بەهۆی ڕکابەریکردنەوە دەتوانین پەرە بە خۆمان بدەین و ئاستمان بەرەوپێش ببەین. لە کاتی ڕکابەریکردندا سەرەتا ڕکابەرەت تووڕە بکە چونکە ڕکابەرێکی تووڕە ناتوانێت باش بجەنگێت, بەهۆی ئەو فشارەی کە تووڕەیییەکە دروستی دەکات لەسەر مێشکی.



## کاریگەریی پارە

گەر هەموو شتێك بە پارە بەدەست بهاتایە ئەوا بانکەکان دەستیان دەگرت بەسەر گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهاندا. دەبێت لێهاتووانە بەڕێوەبردنی کارەکەت لە دژی ڕکابەرە بەهێزەکانت، ئاستێکی ئاسودەیی وا بداتە کامەندەکانت، خاوەن پشکەکانت و کڕیارەکانت کە تەواو خۆشحاڵ بن. بەم جۆرەش کۆمپانیاکەت ڕۆژ لە دوایی ڕۆژ باشتر و باشتر دەبێت.

## تیمساحەکەی یانگزی

عەلی بابا وەك تیمساحێکە لە ڕووباری یانگزی[1]. گەر بێتوو لەگەڵ قرشی دەریادا بجەنگێت ئەوا دەدۆڕێت. بەڵام گەر هەر لە ڕوباری یانگزیدا بمێنێتەوە و نەچێتە دەریا ئەوا نابەزێندرێت.

(ئی بەی) هاتە چین تا لەگەڵ ئێمە بجەنگێت لە وڵاتی خۆمان لەو شوێنەی کە قازانج دەکەین. لای ئێمەی چینی ئەوە ئاساییە دەفرێکی پڕ شعریە بخۆین بە ٣ یەن بەڵام گەمژەییە گەر هەمان خواردن بخۆین بە ٣٠٠ یەن. ئی بەی ٧٠ ملیار یەنی وەبەرهێناوە لە بازاڕە چینییەکاندا کە تەنها ١٠٠ ملیۆن یەنی هیی کۆمپانیاکەی

---

[1] *یانگزی ڕوبارێکە لە چین کە دەکاتە درێژترین ڕووباری ئاسیا.



ئێمە بووە. ئەوان بەئاشکرا دژی ئێمە دەجەنگن بەڵام دەتوانن چ شتێك باشتر لە ئێمە بکەن؟

## کەلەڕەقی

هەندێك دەڵێن دەیانەوێت شکست بە (تاوباو) بهێنن یان (عەلی بابا) ببەزێنن. ئەوە بیرۆکەیەکی باشە بۆ ئەوان بەڵام لەڕاستیدا ئەوە خواستێکی خەیاڵییە. چونکە ئێمە نابەزێندرێین، تەنها کەلەڕەقیی خۆمان دەتوانێت شکست بە ئێمە بهێنێت.

## هیچ براوەیەك بوونی نییە

باسەکە ئەوە نییە لە ڕکابەرێکت بدەیت و ببەیتەوە چونکە ئەو کاتە ڕکابەری تر دێنە کایەوە تا لێیان ببەیتەوە. ئەمەش وەك سیسـتمێکی ژینگـەیی وایـە کـە زەوی، ئـاو و ڕکابـەرە هەمەچەشنەکانی ناو ژینگەی تێدایە. ڕکابەریکردن یارمەتیدەر و هاندەرە بۆ گەشەسەندن، هەروەك چۆن لە سیستمی ژینگەییدا شێرەکان ئاسکەکێوییەکان دەکوژن نەك لەبەر ئەوەی ڕقیان لەو ئاسکانە بێت بەڵکوو لەبەر ئەوەی پێویستیان بە خواردنە تا بژین. تۆش لە ڕکابەرەکانت ببەرەوە نەك لەبەر ئەوەی بۆیان بیسەلمێنیت تۆ بەهێزتریت بەڵکوو لەبەر ئەوەی پێیان بڵێیت ئەوانەی هەوڵ نادەن بەرەوپێش بچن ئەوا لە ڕابردوودا دەمێننەوە و داهاتوو لەدەست دەدەن. گەر تەکنۆلۆژیاکانیان بەکەڵك نایەت



دەبێت بەرەوپێشی ببەن. گەر کوالێتی ستاف کارکردنیان باش نەبێت دەبێت باشتری بکەن. ژینگەییانە بیر بکەرەوە و کێبڕکێی (براوە بە براوە) بکە نەك (براوە بە دۆڕاو). وا لە ڕکابەرەکەت بکە بەرەوپێش بچێت. هەر وەك چۆن لە ژینگەدا شێرەکان پێویستن چونکە گەر ئەوان ئاسکەکان نەخۆن ئەوا ئاسکەکان هەموویان ناتوانن بژین, بگرە ئەوەندە ڕێژەیان زیاد دەکات کەجێگەیان نابێتەوە لەسەر زەوی.

**ئی بەی**

بەداخەوە (عەلی بابا) هیچ ڕکابەرێکی نییە. ماندوو دەبین هێندە بەدواییی ڕکابەردا بگەڕێین بەڵام لە هیچ کوێ نییەتی. (تاوباو) بەبەختە چونکە ڕکابەرێکی گەورەی وەك (ئی بەی)ی هەیە. گەر بێتوو زۆرانبازی لەگەڵ (مایك تایسۆن) بکەیت, ڕەنگە خۆت بە بەدبەخت بزانیت چونکە دەزانیت ئەو دەیباتەوە. یاخود بیر لە بەختی خۆت بکەرەوە گەر یاری باسکە بکەیت بەرانبەر (مایك جۆردن) ئەو کات دەبینیت زۆر بەبەختیت چونکە لە کێبڕکێکارێکی ئاوا مەزن و بەئەزموونەوە زۆرشت فێر دەبیت. کەواتە ئەم جەشنە کێبڕکێ پلە بەرزانە شتێکی باشن, چونکە لە ڕکابەرەکەتەوە ئەزموون وەردەگریت, هەروەك چۆن (تاوباو)یش گەشە دەکات و فێردە بێت لە (ئی بەی)ی ڕکابەریەوە.



## بەرەنگاربوونەوەی ڕکابەرەکانت

کاتێك ڕکابەری ڕکابەرەکەت دەکەیت، چوار شتت هەمیشە بیر بێت. یەکەم ئەو شتەی لە ڕکابەرەکەتدا هەیە و تۆ نایبینیت. دووەم ئەو شتەی بەکەم سەیری دەکەیت. سێیەم ئەوشتەیە کە لێی تێ ناگەیت، چوارەم و کۆتایی ئەوشتەیە کە پاش تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگەکان هێشتاش هەر ناتوانیت بگەیتە ئەنجام.

## شەڕی نرخەکان

ئەو پرسیارەی دەبێت بپرسرێت ئەوەیە ئایا ئەگەر بڕەپارەیەك تەرخان بکەین بۆ پێشبڕکێیەك بە ناوی (شەڕی نرخەکان)[٢] بۆ پارە کۆکراوەکانمان نەك پارە وەبەرهێنراوەکانمان، ئایا پشتگیری دەکرێین؟ پێویستیی زۆربەی کۆمپانیاکان سەرمایە و تەکنۆلۆژیا نییە، بەڵکوو توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە. سەرەتا بپرسە لەپێناو کێدا دەجەنگیت، بۆ دەجەنگیت، چۆن

[٢]*شەڕی نرخەکان: کێبڕکێیەکی بازرگانییە لەنێوان کۆمپانیا ڕکابەرەکاندا کە تێیدا هەر ڕکابەرێك دەست دەکات بە کەمکردنەوە و داشکاندنی نرخەکانی لەپێناو شکاندنی بازاڕی ڕکابەرەکانیدا، بەمەش کۆمپانیا ڕکابەرەکانی تر دەست دەکەن بە کەمکردنەوەی نرخی بەرهەمەکانیان تا دەگاتە ئەو ئاستەی یەکێك لە ڕکابەرەکان کەمترین نرخ دادەنێت لەسەر شمەکەکانی، بەمەش ڕکابەرەکانی تر دەکشێنەوە و ڕکابەرییەکە کۆتایی دێت.



دەجەنگیت؟ پاشان ئامادە بە بۆ بەرەنگاربوونەوەی خراپترین بارودۆخەکان. یاسای سەرەکی سەرکەوتن ئەوەیە هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی مافی مشتەری و خواستی پیشەگەرەکانماندا بین. گەر شەڕی نرخەکان وەك"شانازی" پارەی وەبەرهێنەکانی بەکار هێنا بۆ بەگیرهێنانی پیشەگەرەکان و فێڵکردن لە مشتەرییەکان ئەوا باجەکەی زۆر قورس دەبێت.

## پێناسی کێبڕکێ

ئەگەر بازرگانییە ئینتەرنێتییەکەت بازرگانییەکی بچوك یاخود مامناوەندە, ئەوا ڕکابەری لەگەڵ (نێت ئیس, سینە, سۆهو, عەلی بابا) مەکە چ لە ڕووی پێوەر یاخود قەبارەوە. ڕکابەریان لەگەڵ بکە لەسەر ئەو شتانەی کە تۆ دەتوانیت زۆر بەکارامەیی بیکەیت لە بازاڕگەریدا و ئەوان ناتوانن.

## ڕیزبەندیی یەکەم یاخود دووەم

ئێمە لە هەندێك پیشەسازیدا پلە یەکین و لە هەندێکی دیکەشدا پلە دوو. هەندێك لە وەبەرهێنراوەکانمان شکست دەهێنن لە وەچنگخستنی پارە و تێدا دەچن. هەندێك لە پیشەسازییە پلە دووەکانمان بە خەرجییەکی کەم قازانجێکی باش دەکەن و ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە. لەڕاستیدا هەندێك لە پیشەسازییەکانمان تایبەت بۆ ئەوە دروست دەکەین کە لە پلەی



دووەمی ڕیزبەندییەکاندا بن, بەلاَم هەرگیز بازرگانییەك ناکەین لە بازاڕەکاندا فرۆشمان پلە سێ بێت. هەرگیز مەبە بە سێیەم, یان یەکەم بە یان دووەم. ئەگەر وەبەرهێنانمان کرد لە بوارێکدا و لە بازاڕەکاندا پلە سێ بوو, نەمانتوانی پاش دوو ساڵ ئاستەکەی بەرز بکەینەوە بۆ پلە دوو ئەوا دەبێت ئەو وەبەرهێنراوە لەناو ببەین و چیتر نەیخەینە بازاڕەکانەوە.

## ستراتیژی

گەر ڕکابەرەکەمان بە چەکێکی پڕفیشەکەوە هات بۆمان, هەوڵ دەدەین سەری لێ بشێوێنین و وای لێ بکەین فیشەکەکە بنێت بە دیوارەکەوە نەك ئامانجەکەی. شێوازی ڕاستی ڕکابەریکردن ئەوەیە بەجۆش و خرۆشەوە ڕکابەری ڕکابەرەکەت بکەیت, وەك یارییەك نەك وەك هۆکارێك بۆ ئازاردانی یەکتر. قایلبوون بە ستراتیژیەتی ئەم یارییە دەبێتە هۆی یەکگرتنی تۆ و کارمەندەکانت. بیرت بێت ئەو لایەنەی زوو تووڕە ببێت یارییەکە لەدەست دەدات, لەدەستدانی یارییەکەش واتە دۆڕاندنی ڕکابەرییەکە.

## ئەمازۆن

ئێمە کێبڕکێ لەگەڵ ئەمازۆن ناکەین. شێوازی ئێمە زۆر جیاوازە لە هی ئەوان. ئەوان دەکڕن و دەفرۆشن بەلاَم ئێمە



ڕێسایەکمان هەیە کە باوەڕمان وایە هەموو کۆمپانیایەک دەتوانێت ببێتە ئەمازۆنە. پێمان وایە گەر ئەمازۆن سێویێکی گەورە بێت ئەوا عەلی بابا دارسێوە. دەمانەوێت هەموو کۆمپانیایەک هان بدەین تا ببێتە کۆمپانیایەکی بازرگانی ئەلیکترۆنی تا خەڵکانێکی زۆر هەبن کۆمپانیاکانیان وەک ئەمازۆن سەرکەوتوو بێت.

## فیلەکان

قورسە بۆ فیلێك بە یەك جار پێ بنێت بەسەر ژمارەیەکی زۆر مێروولەدا، چونکە مێرولەکان ڕێگە بەمە نادەن و فیلەکە چەواشە دەکەن. هێندە دێن و دەچن ڕەنگە ببێتە هۆی شکاندنی قاچی فیلەکە. واتە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای قەبارە بچووك و مامناوەند دەتوانێت ڕکابەری کۆمپانیا گەورەکان بکات و جێلەقیان بکات.



## لاسایکەرەوەکان

ئایا دەتوانرێت لاسایی (عەلی بابا) بکرێتەوە؟ لەوانەیە ڕێچکەکەمان دووبارە بکرێتەوە بەڵام هەرگیز ستاف و ئەو ئەزموونەی کە فێر بووین و لە هەڵەکانمانەوە دەستمان کەوتووە ناتوانرێت لاسایی بکرێتەوە. ناتوانن هەمان بیرکردنەوەی من و ئەو متمانە و دەرفەتانەیان هەبێت کە کڕیارەکانمان بە ئێمەیان بەخشیووە. ئەمە واتای ئەوە نییە هیچ کۆمپانیایەکی تر ناتوانێت لە ئێمە باشتر بێت, بەڵام هیچ کۆمپانیایەکی تر ناتوانێت وەك ئێمە بێت و لەبەرگیراوەی ئێمە بێت. وەك ئاشکرایە ئێستاکە لە چین ١٠٠ , ٢٠٠ بگرە ١٠٠٠ ماڵپەڕی بازارگەریی ئۆنلاین هەیە, هیواداریشم ڕێژەکە لە زیادبووندا بێت و دەرفەتەکان بقۆزنەوە. گەر عەلی بابا لەسەر ئەم ئاستە باشەی بەردەوام بێت و لە هەوڵدا بێت بۆ سەرکەوتنی زیاتر و زیاتر ئەوا چاولێکەرەکانمان نزیکی ٥ ساڵیان پێویستە تا بگەنە ئەم ئاستەی ئێستای ئێمە بەڵام ئەو کات ئێمە ٥ ساڵی تر لەپێش ئەوانەوە دەبین.

خاڵی سەرەکی هێزی ڕکابەریکردنی کۆمپانیاکەت خۆت و ستافەکەتن. ڕەنگە ڕکابەرەکانت بتوانن بە هەمان شێوازی تۆ کار بکەن بەڵام بە هەمان سۆز و بەردەوامیی تۆ کار ناکەن. لە پشت هەر نوێخوازییەکەوە پێویستمان بە هەبوونی سیستمێکی پشتگیریی بەهێز, بەهرە و توانای ڕاپەڕاندنی کار هەیە. چونکە بێ بوونی ئەوانە نوێخوازی, تەنها چیرۆکێکی بێمانایە.



# بەشی حەوتەم

# پارە, وەبەرهێنان, بەها

## دەستەی کارگێڕی

لە سەرەتادا (عەلی بابا) تەنها یەك دەستەی کارگێڕی هەبوو بۆ وەڵامدانەوەی وەبەرهێنەکانمان چونکە ئەو کات تەنها خاوەنی یەك کۆمپانیا بووین, بەڵام ئێستا دابەشبووین بۆ چەند کۆمپانیایەك, بۆ ڕێگریکردن لەو مەترسییەی کە تاکە کەسێك دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کۆمپانیاکاندا هەبێت, هەر کۆمپانیایەك دەستەی کارگێڕیی خۆی هەیە. ڕێزی خاوەن پشك و هاوبەشەکانم دەگرم, گوێ لە ڕاوبۆچوونەکانیان دەگرم بەڵام ئەوە دەکەم کە خۆم پێم ڕاستە. گوێ لە ڕاوبۆچوونی ستافەکەم دەگرم, هەر ئەوە دەکەم کە خۆم پێم گونجاوە. بەڵام زۆر بە گرنگیپێدانەوە گوێ لە ڕاوبۆچوونی کڕیار و مشتەرییەکانم دەگرم, هەوڵ دەدەم ئەوە بکەم کە ئەوان دەیانەوێت. ڕیزبەندیی گرنگیپێدان هەمیشە لای من وا بووە و هەرگیز نەگۆڕدراوە بەهۆی بازاڕی بۆرسەوە, کە مشتەرییەکان پلە یەکن, کارمەندەکان پلە دوون, خاوەن پشك و هاوبەشەکانم پلە سێن.



## وەبەرهێنەکان

هەندێك لە وەبەرهێنەکان خۆشیان دەوێم و هەندێکیان ڕقیان لێمە, بەڵام من هەموویانم خۆش دەوێت.

## بەرپرسیارێتیی دارایی

ئەگەر ئامانجی سەرکردە بازرگانە سەرکەوتووەکان ئەوە بێت کە دەوڵەمەند بن ئەوا دەتوانن زۆر دەوڵەمەند بن. بگرە دەتوانن ببنە خاوەنی ١٠٠ ملیۆن دۆلار کە پێم وایە بەشی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بکات. بەڵام گرنگی هەبوونی ئەو هەموو پارەیە لە چیدایە؟

کاتێك بەردەوام لە بەرەوپێشچووندا بوویت لە کارەکەت و فرۆشت ڕووی لە زیادبوون کرد ئەوا چیتر ئەو پارەیە هی تۆ نییە, بەڵکوو هی کۆمەڵگەیە. ئەوە ئەو پارەیەیە کە خەڵکی داویانە بە تۆ چونکە بەرهەمەکانی تۆیان کڕیووە, پێویستە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەیت تا پارەکەت بە شێوازێکی باش خەرج بکەیت.

## پارە کۆکردنەوە

ئەمریکییەکان زۆر حەزیان لە خەرجکردنی پارەیە بە شێوەیەك کە نەك تەنها پارەی ئەمڕۆ بگرە پارەی سبەینێشیان پێ بێت ئەوا ئەمڕۆ خەرجی دەکەن, بگرە پارەی خەڵکی تریش



خەرج دەکەن. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە ئێمەی چینی حەزمان لە کۆکردنەوەی پارەیە, لە جیهاندا ئێمە زۆرترین پارە دەخەینە بانکەوە. چونکە پێشتر زۆر هەژار بووین و نەبوونیمان چەشتووە. کاتێك بووین بە خاوەنی سەروەت و پارەمان هاتە دەست یەکسەر خستمانە بانکەوە, چونکە دەزانین ڕۆژێك قەیران ڕوو دەکاتە جیهان بەڵام ئەو کاتە ئێمە پارەمان هەیە و دەتوانین خەرجی بکەین. کەواتە کاتێك باری ئابووری خراپ دەبێت ئێمەی چینی پارەمان هەیە بەڵام ئەمریکییەکان لەوانەیە نەیانبێت, چونکە ئێمە پارە کۆ دەکەینەوە بەڵام ئەوان پارە خەرج دەکەن.

## ڕاماڵینی دراوگۆڕەکان

ساڵی ١٩٩٩ ئەو کات کۆمپانیا ئینتەرنێتییەکان زۆر بەبەخت بوون گەر بیانتوانیبایە بۆ ماوەی ٨ مانگ بەردەوام بن, کاتێك ئەوان بیریان لای ئەو ٨ مانگە بوو ئێمە وتمان کۆمپانیایەکمان دەوێت ٨٠ ساڵ بەردەوام بێت. ئەم ئامانجە ٨٠ ساڵییەمان بۆ ئەوەبوو هەموو ئەو دراوگۆڕانە بکەینە دەرەوە کە هەموو ئارەزوویەکیان وەدەستهێنانی پارە و ساخکردنەوەی پارەیە لە بازاڕەکانی ئاڵووێری پارەبازی و بۆرسەدا.



## خاوەن پشکەکان, وەبەرهێنەکان, کڕیارەکان

سالّی ١٩٩٩ لە یەکەم ڕۆژی مووچەدابەشکردن بە خاوەنپشکەکانم وت, "وەبەرهێنەکانی (عەلی بابا) مامی ئێمەن و کڕیارەکان دایك و باوکمانن." هەر لەو کاتەشەوە زۆر بەباشی خۆم گونجاندووە لەگەڵ "مامەکانم" واتە وەبەرهێنەکانم, ئێستاکە کۆبوونەوەکانم لەگەڵ خاوەن پشکەکان دڵخۆشکەرترە و ماوەیەکی کورتتر دەخایەنێت, چونکە وەك کەسە نزیکەکانی خۆم لەوان دەڕوانم.

## دروستکردنی بەها

ئەگەر بەڕێوەبەرەکەت خزمەتی ١٠,٠٠٠ کڕیار بکات, ئەوا ستافەکەت دەبێت خزمەتی ١٠٠,٠٠٠ کڕیار بکەن. ئەم ١٠٠,٠٠٠ کڕیارەش پێویستە خزمەتی ١ ملیۆن کڕیاری تر بکەن. بەم چەشنەش تۆ زۆرترین بەها دروست دەکەیت کاتێك کڕیارەکانت دەتوانن یارمەتی یەکتر بدەن.



## سۆفت بانك

زۆر کەسی بلیمەت دەناسم بەڵام (ماسایۆشی سەن) ی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای (سۆفت بانك) بێهاوتایە و لەهەمووان زیرەکترە. هەر چەندە کەمێك ساویلکە دەردەکەوێت و بە ئینگلیزییەکی لاواز قسە دەکات, بەڵام زیرەکییەکی بێهاوتای هەیە. ساڵانە زیاتر لە ٧٠٠ کۆمپانیا داوای وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری پێشکەش بە (سۆفت بانك) دەکەن. (سۆفت بانك) تەنها ١٠٪ی ئەو داوایانە قبووڵ دەکات. خودی (ماسایۆشی سەن) تەنها لەگەڵ ئێمە وتووێژی ڕاستەوخۆی هەبووە و پێی وتم: " جاك پاڵپشتیتان دەکەم لەبەر ئەو سەرکردایەتییە بێهاوتایەی تۆ دەیکەیت و بەردەوام بە لەسەر ئەم شێوازە ناوازەیەی سەرکردایەتیکردنت."

## سەرمایەگوزاری وەك هاوسەرگیرییە

دۆزینەوەی کۆمپانیای سەرمایەگوزاریی باش بۆ هاوبەشیکردن وەك هەڵبژاردنی هاوسەرە. پێویستە دەستلەناودەست بین لە ساتە دژوارەکاندا. ڕەنگە ئەمڕۆ هەموو شتێك باش بێت, بەڵام گەر سبەینێ چەرخی بەختت سوڕا و شتەکان بەرەو خراپی ڕۆیشتن, ئەو کاتە پێویستت بە یارمەتی هاوبەشەکەتە تا لەگەڵت بێت و پشتت بەرنەدات.



## لیستی بازاڕی پارەبازی (بۆرسە) ی هۆنگ کۆنگ

هەر وەك لە ڕێوڕەسمی ڕێکخستنی نرخەکان وتم ئێمە بەردەوامین وەك هەمیشە، پەیامی خۆمان ناگۆڕین. بیر لە هەڵبەزو دابەزی نرخەکان ناکەینەوە چونکە لای ئێمە کڕیار یەکەمینە و گرنگترە لە پارە. ئێمە بەڵێنێکی هەمیشەیی درێژخایەنمان بە کڕیارەکانمان، کۆمەڵگە، خاوەن پیشەکانمان و خێزانەکان داوە. بەڵێنەکانمان جێبەجێ دەکەین و خاوەنی قسەی خۆمان دەبین. پاشان نرخی بازاڕی بۆرسەی ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی ڕەنگدانەوەی ئەو نرخە دەبێت کە کۆمپانیاکەمان دایناوە. بۆ گرووپی کۆمپانیاکانی (عەلی بابا)، بازاڕی بۆرسەی ئێمە لە هۆنگ کۆنگ ئەمڕۆ لە سەرەتادایە و تەواو ئامادەین بەرەو داهاتوو، پلانەکانمان درێژخایەنن.

## خاوەندارێتی پشکەکان

دەبێت دادپەروەری پەیڕەو بکرێت. ئەو شتەی کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی کۆمپانیا و کاری بە کۆمەڵی کارمەندەکان هەیە ژیرییە نەك مادە. کارمەندەکانمان کە ڕێژەیان لە ١٠٠٠ کەس زیاترە گەورەترین هاوبەشی ئێمەن، دووەم هاوبەشیشمان سۆفت بانکەکەی (ماسایۆشی سەن)ە. کە بەهای بازاڕ زیاد دەکات، ڕێژەی بەڕێوەبردن و کارمەندە خاوەنپشکەکانمان دادپەروەرانە دەبێت.



## بازاڕی بۆرسەی نیویۆرك

کاتێك یەك ملیار دۆلارت هەیە, بیرت بێت ئەوە پارەی تۆ نییە, ئەوە ئومێدی خەڵکە بە تۆ. خەڵکی هیوایان بە تۆ هەیە, ئەوان متمانەی خۆیان دەبەخشن بە تۆ چونکە پێیان وایە تۆ دەتوانیت باشتر لەوانی تر ئەم سەروەتە بەڕێوە ببەیت. گەر پێت وا بێت ئەم سەروەتە تەنها هیی خۆتە ئەوا هەڵەیت, چونکە ئەوە ئەمانەتی خەڵکە لای تۆ.

## سوودمەندکردنی کڕیارەکان

لە دروستکردنی (عەلی بابا)دا ئامانجمان ئەوەیە مشتەرییەکانمان سوودمەند بکەین و بیانکەینە ملیۆنێر. کڕیارەکانمان هەمیشە ئاست بەرزترینن لای ئێمە. سەرکەوتنی (عەلی بابا) پەیوەستە بە سەرکەوتنی ئەوانەوە. ئێمە کاتێك سوودمەند دەبین کە کڕیارەکانمان ببنە ملیۆنێر و ملیاردێر. زۆربەی کارمەندەکانمان پێیان سەیرە بۆچی ئەوان لە ڕیزبەندیی ئێمەدا پلە یەك نین و کڕیارەکانمان پلە یەکن. ئێمە دووڕوو نین لە کاتی کۆبونەوەمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی (عەلی بابا) سەرنجمان لەسەر ئەوە نییە کارمەندەکانمان لەپێشترن یاخود خاوەن پشکەکانمان بەڵکوو سەرنجمان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەندامەکانی کۆمپانیایە. کە چاوم بە کڕیارەکانی (عەلی بابا) دەکەوێت دەمەوێت گوێبیست بم کە ئەوان بەهۆی



عەلی بابا وە پارەیان دێتـە دەسـت و قـازانج دەکـەن. گـەورەترین ترسـم سـوودمەندنەبوونی ئەوانـە. هـەر بۆیـەش کاتێـك کۆبونـەوە لەگەڵ خاوەنپشکەکانم دەکەم, وتووێژ لەسەر ئەوە دەکـەم کـە چ شتێك لای ئێمە لەپێشترە تەنانەت گەر ئەوان کەیفیان بەو بابەتـە نەیەت, من لە لەپێشینەیی لا نادەم.

## پارە پەیداکردن

کاتێـك بازرگـانی دەکـەیت هـەرگیز بـیر لـە پـارە پەیـداکردن مەکـەرەوە. چـونکە گـەر بـەو جـۆرە بـیر بکەیتـەوە ئـەوا کۆمپانیایەکی باش بونیاد نانێیت. بـەدواییی وەبەرهێنـدا ڕامەکـە چونکە تا تۆ ڕابکەیت ئەوان زیاتر دوور دەکەونـەوە. بـەڵام کاتێـك سـەرکەوتوو دەبیـت لـە بـەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەتـدا ئـەو کاتـە وەبەرهێنەکان خۆیان دێن بۆ لات و پارە خۆی دێتە دەستت.

## خزمەتگوزارییە بێبەرانبەرەکان

دوو ساڵ پـێش ئێسـتاکە (تاوباو)مـان دروسـت کـرد, سـەرەتا بێبەرانبـەر پێشـکەشمان کـرد. تەنانـەت (عـەلی بابـا)ش ٣ سـاڵ بێبەرانبــەر خزمــەتگوزاری پێشــکەش کــردووە. هــەموو بەرهەمەکانمان لە سەرەتاوە بۆ ساڵێك و دووان بێبەرانبـەر بـوون. ئەمــەش بۆیــە دەکــەین تــا لــەو ماوەیــەدا لــە پێویسـتیی مشتەرییەکانمان تێ بگەین. پاشان بەپێی ئـەو دەرەنجامـەی لـەو



ماوەیەدا دەستمان دەکەوێت دەست بە ڕێکخستن دەکەین. بەڵام گەر هاتوو بۆ هەندێك خزمەتگوزاریمان پاش ئەم پێشکەشکردنە بێبەرانبەرەش هەر نەگەیشتینە دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوە ئەوا بەداخەوە دەبێت ئەو بەرهەمەمان ڕابگرین. ئێمە وەك خودی خۆمان لەم خزمەتگوزارییە بێبەرانبەرانەوە شارەزاییی زۆر باشمان وەرگرتووە. هەر بۆیەش لە سۆنگەی ڕابردوومانەوەیە کە ئەمڕۆمان زۆرباشە. ئێستاش ئێمە خاوەنی سەروەتێکی زۆرین کە دەتوانین خزمەتگوزاریی بێبەرانبەری زیاتر پێشکەش بکەین.

## بازاڕی پارەبازی (بۆرسە)ی عەلی بابا

سالآنێك لەمەوبەر خەڵکی دەیان گوت, "کۆمپانیای عەلی بابا کۆمپانیایەکی باش نییە و خراپە" من بەئاسایی ئەمەم وەرگرت چونکە خۆم دەمزانی ئێمە خراپ نین و بگرە زۆریش باشین, باشتر بووین لە ڕاوبۆچوونەکانی خەڵك. بەڵام ئەمڕۆ خەڵکی لە ئێمە ڕازین و چاوەڕێی شتی گەورەمان لێ دەکەن. بێتاقەت دەبم و دەشڵەژێم, چونکە ئێمە بەو ڕادەیە باش نین تا لە ئاست ئەو چاوەڕوانییە گەورەیەدا بین. ئێمە بازرگانیی ئینتەرنێت بەڕێوە دەبەین لە چین. تێکڕای تەمەنی گەنجانی چین لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدایە. کەواتە بەبەراورد بەم ڕێژەیە کۆمپانیا و پیشەسازییەکی تازەپێگەشتوومان هەیە. هەر بۆیەش بەگوێرەی ئەو تەمەنە



کەمەی کۆمپانیاکە هەیەتی بەدیهێنانی پێشبینیی و چاوەڕوانییە گەورەکانی خەڵك شتێکی ئاسان نییە.

بە خۆم و تیمەکەم دەڵێم "هەمیشە خۆت بە, ئەوە بکە کە پێت گونجاوە." گرنگی بە گۆڕانی نرخەکانی بازاڕی بۆرسە نادەم. کاتێك خەڵك پێیان وایە کۆمپانیاکەت باشە دەبێت باش بێت تا لە ئاست پێشبینییەکانی ئەواندا بێت. کاتێك خەڵك پێیان وایە کۆمپانیاکەت خراپە پێویستە پێداچوونەوە بکەیت تا بزانیت ئایا بەو ڕادەیە خراپیت یان نا.

## ئاستی ڕۆشنبیریی سەرکردە

وەك سەرکردەیەك پێویستە چاوکراوە بیت, بچیتە دەرەوە, جیهان ببینیت, بگەڕێیت و بیر لەو شتانە بکەیتەوە کە دەیانبینیت. بەم شێوەیەش لە سۆنگەی ئەو هەموو بەرچاوڕوونییەی کە وەری دەگریت دەتوانیت باشترین خزمەتگوزارییەکان پێشکەشی کڕیارەکانت بکەیت.



# بەشی هەشتەم
# کارسازی و نوێخوازیی

## ئیمەیڵی ناوخۆیی

هەرگیز بەڵێنمان بە ستافی کارمەندانی عەلی بابا نەداوە کە بەردەوام پلەیان بەرز بکەینەوە و سەرمایەداریان بکەین. لەجیاتیی ئەوە بەڵێنمان پێ داون ئەوانیش وەك ئێمە هەڵگری نارەحەتی و ئازار و خەم دەبن. ئەگەر تۆ کارمەندێك بوویت لای ئێمە و بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێك لەگەڵمان کارت کردووە ئەوا تکایە خۆت بەدوور بگرە لە لەکەدارکردنی راپۆرتە ستراتیژی و پلانە گەشەسەندووەکانی ئێمە. دەرگا لەسەر پشتە بۆ هەر کەسێك لەگەڵ ئێمەدا نەگونجێت, پێویست ناکات دەم بکاتەوە و قسەی نەشیاو بکات. بەڵام گەر بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ ئێمە کارت کردووە ئەوا قسەکانت جێی بایەخە و خۆشحاڵ دەبین گوێ بۆ پێشنیارەکانت بگرین کە پەیوەست بێت بە گەشەسەندنی کۆمپانیاکەمانەوە و سوپاسگوزاری نیازە بتشەکەت دەبین بۆ باشترکردنمان.

بیرت بێت (عەلی بابا) پارەت پێنادات بۆ گەشەسەندنی خۆت بەڵکوو ئەو پارەیەی لەلایەن ئێمەوە وەری دەگریت لەبریی یارمەتیدانەکانتە بۆ گەشەسەندنی مشتەرییەکانمان, چونکە ئێمە لە رێی مشتەرییەکانمانەوە گەشە دەکەین.



## ستراتیژیەتی ئێمە چییە؟

گەر بە یەك ووشە باسی ستراتیژییەتی (عەلی بابا) بکەم ئەوا بریتییە لە: بەردەوامی. کۆمپانیا بچوك و ناوەندەکان پێویستییان بە ڕێچکەیەکی بێهاوتایە بۆ بەردەوام بوون و مانەوە. هەلەکان بقۆزنەوە و دەرفەتەکان لەدەست مەدەن. قەیرانە گەورەکان کۆمپانیا گەورەکان دەڕوخێنێت ئەمەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ دەرکەوتنی بازرگانییە بچوك و ناوەندییەکان. بیر لە سێ پرسیار بکەرەوە:

١) دەتەوێت چی بکەیت؟ ٢) پێویستە چی بکەیت؟
٣) بۆ ماوەی چەندێك کاری بۆ دەیکەیت؟

دەتەوێت چی بکەیت؟ پێویستە خەونێکی وا نمونەییت هەبێت کە ئامادە بیت هەموو شتێکتی لەپێناودا دابنێیت. پێویستە چی بکەیت؟ بەدڵنیاییەوە خۆت هەر لە سەرەتاوە بیرت لە وەڵامی ئەم پرسیارە کردووەتەوە بەڵام بیرت بێت قسە ئاسانە و کردار گرانە. بۆ ماوەی چەندێك کاری بۆ دەیکەیت؟ گرنگ نییە چ کارێك دەکەیت بەڵام دەبێت لانی کەم بتوانیت ٣٠ دەرفەتی باش بژمێریت کە لە ماوەی ٥ساڵی سەرەتای کارکردنتدا بەدەستی بهێنیت. پەستان و ڕێگرییە دەرەکییەکانت پێ گرنگ نەبێت و هەمیشە سوور بە لەسەر ئەو ڕێچکە سێ پرسیارییە.



## خەونت هەبێت

خاڵی یەکەم و گرنگترین شت ئەوەیە کە خەونت هەبێت و خاوەنی خەونی خۆت بیت. ئەوە گرنگترین خاڵی کارکردنە تا بەهۆیەوە دەستبەکار بیت. خاڵی دووەم, پێویستە توانای بەردەوامیت هەبێت. لەوانەیە کەسانی زیرەکتر و چالاکتر لە ئێمە بوونیان هەبێت, بەلاّم بۆچی ئێمە دەتوانین سەرکەوتوو بین و پارە پەیدا بکەین لە کاتێکدا ئەوان ناتوانن؟ وەلاّمەکەی ئەوەیە ئێمە بەردەوامین. ئەوانەی پێش ئێمە نەیانتوانی بەردەوام بن و وێنای ئەم داهاتووە گەشە بکەن بۆ ئینتەرنێت, بازرگانیی ئەلیکترۆنی و پەیوەندییە سوودگۆڕکێکەی نێوان کۆمپانیا بازرگانییەکانی بواری ئینتەرنێت, ئەوان مایەپووچ بوون و کارمەندانی ئێمە بەردەوام بوون و سەختییەکانیان تێپەڕاند و گەیشتین بەم دەرەنجامە ڕوون و ئاستە باشە.

## خەرجی ناوخۆیی

داپیرەم لە دۆلاّبی جلوبەرگەکەیدا تەنها یەک کراسی هەیە. دایکم سێ دانەی هەیە, بەلاّم کچەزاکەم ٥٠ دانەی هەیە کە ٨٠٪ی لەبەر ناکات. ئەمە پێی دەوترێت (خەرجی ناوخۆیی). پێویستە ئەم شێوازە خەرجییە بەکار بهێنین تا وا لە خەڵکی بکەین پارە خەرج بکەن. ئەمەش هەر ئەو شێوازەیە کە حکومەت تیایدا سەرکەوتوو نییە. بەلاّم



ئێمە وەك كارسازەكان لەمەدا شارەزاییین و دەتوانین وا لە خەڵكی بكەین پارەیەكانیان خەرج بكەن.

## پارە و خەون

پارە گرنگ نییە, گرنگ خەونەكەتە. ئەوە تەكنۆلۆژیا نییە كە جیهان دەگۆڕێت, بەڵكوو ئەوەی گرنگە ئەو خەونانەیە كە پێت وایە جیهان دەگۆڕن.

## سوپاسگوزاری

لە خۆت و هۆكاری سەركەوتنت تێ بگە. لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا پێویستە سەرەتا سوپاسی دەركەوتنی ئینتەرنێت بكەین. بەبێ ئینتەرنێت نەماندەتوانی بیرۆكەی ئەم بازرگانییە گەشەسەندووانەمان هەبێت. پاشان پێویستە سوپاسی ئەو گەشە ئابوورییە خێرایەی چین بكەین. بۆ ئەمەش سوپاسی ستافەكەم دەكەم كە ماوەی ٥ ساڵە لەگەڵ مندا بەردەوامن و تا ئەم ساتەش باوەڕیان پێم هەیە. سەركەوتنەكانمان بەهۆی توانا و لێهاتوویی (جاك ما)وە نییە, بەڵكوو بەهۆی دڵسۆزیی ستاف و كارمەندەكانمانەوەیە.



## هەزار و یەك هەڵە

من عەلی بابا ناوزەند دەکەم بە "هەزار و یەك هەڵە" سەرەتا زۆر بەخێرایی گەشەمان کرد پاشان لە ماوەی بڵقی ئینتەرنێتیدا[٣], پێویست بوو کارەکانمان ڕابگرین. لە ساڵی ٢٠٠٢دا پارەی کاشمان ئەوەندە هەبوو کە بەشی مانەوە و بەردەوامبوونمان بکات بۆ ماوەی ١٨ مانگ. کەسانێکی زۆر بێبەرانبەر ماڵپەڕەکانی ئێمەیان بەکار دەهێنا و ئێمەش نەماندەزانی چۆن پارە پەیدا بکەین. هەر بۆیەش بەرهەمێکمان پەرە پێدا بۆ هەناردەکەرە چینییەکان تا پێداویستیی کڕیارە ئەمریکییەکان پڕ بکەنەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. بەم شێوەیەش توانیمان بەردەوام بین. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا توانیمان تەنها یەك دۆلار قازانج بکەین. ساڵانە گەشەمان بە تواناکانی خۆماندا و ئێستاش گەشتووین بەم ئاستەی ئێستا کە (عەلی بابا) زۆر باش قازانج دەکات و سەرمایەگوزاری دەکات.

---

[٣]*بڵقی ئینتەرنێتی: بڵقێکی ئابوورییە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٥—٢٠٠٠ ڕووی دا. ئەو گەشەسەندنە بەرچاوەی ئینتەرنێت هەیبوو وای کرد لە ژمارەیەکی زۆری وەبەرهێنەکان سەروەتێکی زۆر تەرخان بکەن بۆ بازرگانییە ئەلیکترۆنییەکان. بەمەش هەڵاوسانی ئابووری ڕووی دا و بازاڕی بۆرسە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد لە پیشەسازی و بەرهەمە ئینتەرنێتییەکاندا, بە جۆرێك کە کۆمپانیاکانی بواری بازرگانی ئەلیکترۆنی نەیاندەتوانی بەرهەمەکانیان ساغ بکەنەوە و قازانج بکەن.



## سەرمایەگوزارییەکەت دەست پێ بکە

ساڵی ١٩٩٥ لە هیچەوە دەستم پێ کرد. سەرمایەگوزاری، پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز و کاری بەکۆمەڵ هەیە. زۆربەی کارسازەکان دەڵێن بە گیرفانی بەتاڵەوە ناتوانن هیچ کارێك بکەن. ئەوەش هەڵەیە، چونکە خاڵی گرنگی سەرمایەگوزاری، بەرپرسیارێتی و کاری بەکۆمەڵە نەك پارە. کارسازی ڕاستەقینە سەرەتا بیر لە پارە ناکاتەوە، بەڵکوو بیر لە خەونەکەی دەکاتەوە کە دروستکردنی کۆمپانیایەکی سەرکەوتووە. کەواتە بەبایەخترین شت کە دەبێت بیری لێ بکەیتەوە خەونەکەت و بەدیهێنانیەتی، کۆتا شت کە دەبێت بیری لێ بکەیتەوە پارەیە.

## قەبارەی کۆمپانیا و خاڵە گرنگەکانی

لەڕاستیدا بازرگانییە بچوکەکان پشت دەبەستن بە شێوازی کارکردنیان، قەبارە مامناوەندەکانیش بە شێوازی بەڕێوەبردنیان، کۆمپانیا گەورەکانیش بە کارکردنی بە کۆمەڵ و هەرەوەزیکردنیان. بۆ ئەم دەستەیەش سێ شت گرنگە هەیان بێت ئەوانیش: دووربینی، مێشك فراوانی، توانای ڕاپەڕاندنی کارە مەزنەکان. هەر وەك چۆن (هو زوویان)[٤] وتویەتی " قورسترین ئەرك دەستکردنە بە بازرگانی و ئاسانتر لەو دووربینی و

---

[٤] *(هو زوویان): بازرگانێکی ناوداری چینییە.



گەشبینبوونە بەرانبەر بە داهاتوو و ئەو دەرفەتانەی کە دێنە ڕێت."

## نوێخوازی و هەمەچەشنەیی

پێناسی کۆمپانیا, هاوشێوەی پێناسی باخچەی ئاژەڵانە. هەر وەك چۆن گرنگیی باخچەی ئاژەڵان لەوەدایە کە ژمارەیەکی زۆر و هەمەچەشنە ئاژەڵی تێدا بێت. گرنگی و سوودبەخشی کۆمپانیاش لەوەدایە کە ستافێکی کارامەی هەبێت بتوانێت پەی بە بوارە هەمەچەشنەکانی ژیان ببات.

## ئاڵنگارییەکان

هەرگیز ناڵێم من براوەم یان کەسێکی سەرکەوتووم, بەڵکوو لەبریی ئەوە پێم خۆشە بڵێم من ئەو کەسەم کە زاڵ بووم بەسەر تەنگوچەڵەمە و گرفتەکاندا, ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و کێشەی زۆر دەبمەوە کە دەبێت چارەسەریان بکەم. ئەوەش گرنگترین دەستکەوتەکانی منە. هەموو کارسازێك هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیەوە دەزانێت کە ڕۆژەکەی بۆ مامەڵەکردنە لەگەڵ شکست و ناڕەحەتیدا وەك لە سەرکەوتن. هێشتا سەختترین بارودۆخ ڕووی تێ نەکردووم, بەڵام بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا ڕووم تێ دەکات. نزیکەی ١٠ ساڵی ئەزموونی کارسازیم ئەوەی فێر کردووم کە ناتوانین خۆمان لە ساتە دژوارەکان لا بدەین یاخود



ئـەو بارگرانییـە بخەینـە ئەسـتۆی کەسـانی تـر، بـەڵکوو دەبێـت کارسـاز بتوانێـت ڕووبـەڕووی شکسـت ببێتـەوە و هـەرگیز کـۆڵ نەدات.

## بیرۆکە خراپەکان

هەبوونی بیرۆکەی خراپ شتێکی ئاساییە. ئەوەی جێی داخـە نەبوونی بیرۆکەیە. هەرگیز مەترسە لـەوەی ڕێگەچارەیەکی خێـرا بگریتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا و داهاتووت. ئێمـە تـەنها پێداچـوونەوە ناکـەین بـۆ ماڵپـەڕەکانی خۆمـان، بـەڵکوو پێداچـوونەوە بـۆ ماڵپـەڕی بازرگانـەکانی تـر و ڕکابەرەکانیشـمان دەکەین. ئەمـەش بۆ ئەوەیـە بـزانین چ بیرۆکەیـەک باشـە، تـاکوو دەستبەجێ بیخەینە بواری کارکردنەوە.

## ئامۆژگارییەک بۆ کۆمپانیا کارپێکەرە ئینتەرنێتییەکان

ئامـادە بـە بـۆ ڕوبەڕووبوونـەوەی ئـەو گرفـت و بارگرانییانـەی ڕۆژانە دێنـە ڕێت. هـیچ کەسـێک لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنیەوە نەگەیشتووەتە سەرکەوتن، تەنانەت خودی خۆیشم لـە سـەرەتای کارکردنمدا هەڵەی زۆرم کردووە و لێیانەوە ئەزموون فێر بووم. بۆ کارسازیش ئەوە شتێکی باشە بەو قۆناغانەدا تێپەڕێت. بەتایبـەت ئەو کەسانەی لە بـواری بازرگـانی ئینتەرنێتیـدا کـار دەکـەن و لـە سـەرەتای کارکردنـدان نابێـت هـەموو بیرێکیـان لای پـارە و



بەدەستهێنانی سامان بێت گەر وا بکەن ئەوا بەقورسی باجەکەی دەدەن. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەندین کۆمپانیای ئینتەرنێتی سەرکەوتوو هەن کە هەموویان لە ٣ ساڵی سەرەتای کارکردنیاندا هیچ بڕەپارەیەکیان قازانج نەکردووە. کەواتە سەرەتا بازرگانی بکە و سەرکەوتوو بە پاشان پارە خۆی دێتە دەستت.

## داهێنەرە نوێخوازە سەرشێتەکان

ئامادە بە بۆ بەرگەگرتنی ئەو پەستان و ڕەخنە و تەنهایییەی لە کاتی بوونت بە داهێنەرێکی نوێخواز دوچارت دەبێت. سەرەتا پێیان دەوتین فێڵبازەکان پاشان دەیانوت شێتەکان, ئێستاش پێمان دەڵێن شێتی تەواو. گرنگ نییە خەڵکی چی دەڵێن ئێمە بڕوامان بە خۆمان و کۆمپانیاکەمان هەیە. بەلامەوە گرنگ نییە خەڵکی چۆن دەڕواننە ئێمە, بەڵکوو ئەوەی لام گرنگە ئەوەیە ئێمە چۆن دەڕوانینە جیهان. ڕێگەی کارسازەکان ئەوەیە کە بزانن چۆن بەرەوپێش بچن بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان.

## گفتوگۆکردن

گەر باس لە بابەتی (گفتوگۆکردن) بکەین وەك نمونەیەك باسی خۆم دەکەم. هەمیشە لە کاتی کۆبونەوە لەگەڵ ستافەکەم من دژی ئەو بیروڕایانە دەوەستمەوە کە ٩٠ ٪ی ئەوان لەسەری کۆکن. باشترین بارودۆخ ئەوەیە کە نیوەی ستافەکە لەسەر



بابەتێك كۆك بن و نیوەكەی تر ناكۆك بن, چونكە بەم جۆرە گفتوگۆیەكی چڕ لەسەر بابەتەكان دەكرێت. هەروەها ڕكابەرەكانت گفتوگۆ دەكەن, كەواتە ئەم گفتوگۆكردنە باشترین جۆری تاقیكردنەوەیە بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر و ڕاسترین ڕێگە.

## كۆمپانیا قەبارە بچوك و مامناوەندەكان

لە هەر وڵاتێكدا كۆمپانیا بچوك و مامناوەندەكان سەرچاوەی نوێخوازی و تازەگەرین. كاتێك بازرگانییەكەت گەورە بوو تێكەڵ بە نوێگەری دەبێت. كە گەیشتیتە ئەم خاڵەش پێویستە هەمیشە چاوت لەسەر چواردەورەكەت و دەرەوەی كۆمپانیاكەت بێت بۆ تازەگەریی زیاتر و دۆزینەوەی شتی نوێ.

## گەنجەكان

متمانە بە گەنجەكان و نوێخوازییەكەیان بكەن. ئەوان داهێنەرن و ڕۆژانە داهێنان دەكەن و شتەكان دەگۆڕن. هەموو مشتەرییەكان وەك یەكن و شتی نوێیان دەوێت. شتی باش و هەرزان و بێهاوتایان دەوێت. كەواتە ئەگەر ئێمە بتوانین خواستەكانیان جێبەجێ بكەین ئەوانیش ڕوومان تێ دەكەن. هەر بۆیەش هەمیشە پێویستمان بە توانا و داهێنانە ناوازەكانی گەنجەكانە.



# بەشی نۆیەم
# ڕاگەیاندن و بازاڕگەری

## ناونانی کۆمپانیاکەت

عەلی بابا دەتوانرێت زۆر بەئاسانی بە هەموو زمانەکانی جیهان دەرببڕدرێت. ئەمەش وا لە هەموو مشتەرییەکانمان دەکات ناوی ماڵپەڕەکەمانیان بەلاوە پەسەند بێت و بەکاری بهێنن.

## بانگەشەکردن

بانگەشەکردن دەتناسێنێت بەڵام بوونی خواستی گشتی لەسەر بەرهەمەکانت وا دەکات بەرهەمەکانت ببن بە براندێکی جیهانی. ئەوەش بەهایەکی کەلتوورییە و ناتوانیت تەنها بەهۆی بانگەشەکردنەوە ڕوونکردنەوەی تەواو لەسەر بەرهەمەکانت بدەیت. بانگەشەکردن نرخی بەرهەمەکانت زیاد دەکات و بگرە دەیانگەیەنێتە ئاستێك کە کڕیارەکانت نەتوانن بیکڕن. پێویستە ستافی کۆمپانیاکەت و کەلتووری کۆمپانیاکەت بەهێز بکەیت، ئەگەرنا بانگەشەکردن تەنها دەبێتە هۆی زیادکردنی نرخی شمەکەکانت و قازانجی لێ ناکەیت چونکە کڕیارەکان شتی گرانیان ناوێت شتی بەسوود و هەرزانیان دەوێت.



## هەڵمەتی زیادکردنی سامانەکەت

سەرەڕای دارشتنی پلانەکانت بە باشترین شێوە هێشتاش هەر ڕووبەڕووی گرفتەکانی پەیوەندیکردن دەبیتەوە. لە مانگی ئایاردا, ئێمە خاوەنی بۆنەیەکی گرنگ بووین بەناوی "سامانەکەت زیاد بکە" جاری یەکەمی بەشداریکردن لەم بۆنەیەدا بۆ هەموو بەشداربووان بێبەرانبەر بوو. هەمووان وا بیریان دەکردەوە ڕێوڕەسمەکانی تریش بێبەرانبەر دەبن. بەلاّم بۆمان دەرکەوت پێویستە بێبەرانبەر نەبێت و بەشداریکردن لەم بۆنەیەدا بە بڕەپارەیەکی دیاریکراو بێت. سەرەڕای ئەوەی ڕکابەرەکانیشمان هاوشێوەی میوانەکان پارەیان دا بۆ بەشداریکردن لە بۆنەکەدا, بەلاّم ڕوبەڕووی ڕەخنەی توند بوینەوە و بۆ ئەمەش دەبوو سەرزەنشتی خۆمان بکەین لەبەر نەبوونی پەیوەندیی گشتیی باشتر و بەئاشکرا دوانمان سەبارەت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوەکەمان.

لە کاتی ناساندنی بەرهەمە نوێیەکانت بە کڕیارەکانت چوار هەنگاوی پێویست بنێ: قایلکردنی کڕیارەکان بە بەرهەمەکانت, هاندانیان لە ڕووی هەست و سۆزەوە, هاندانیان لە ڕووی مادییەوە, دادپەروەربوون لەگەڵیاندا.



## قسەکردن بە ناوی (بیلْ گەیتس)ەوە

لە ساڵی ١٩٩٥ ڕوونم کردەوە کە ئینتەرنێت تا سەر بوونی دەبێت. بەڵام زۆر کەس باوەڕیان بەمە نەدەکرد و نەیاندەتوانی پێشبینی ئەوە بکەن کە ئینتەرنێت دەبێتە هاوبەشێکی گەورەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك.

هەر ئەو کات هەستم بەوە دەکرد ئینتەرنێت کار دەکاتە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ. بەڵام کاتێك (جاك ما) ئەو قسانەی دەکرد کەس باوەڕی پێ نەدەکرد, بۆیەش دروشمەکەم گۆڕی و وتم (بیلْ گەیتس) گوتویەتی ئینتەرنێت شێوازی ژیانی خەڵك دەگۆڕێت. ڕاگەیاندنەکان لەسەر ئەو قسانە هاتنە دەنگ کە بیلْ گەیتس وتبووی. بەڵام لەڕاستیدا ئەو قسانە هەمووی قسەی خۆم بوون نەك بیلْ گەیتس. ساڵی ١٩٩٥ تەنانەت خودی بیلْ گەیتس باوەڕی بە ئینتەرنێت نەبوو. پاشان کە چاوم بە بیلْ گەیتس خۆی کەوت, چەند جارێك داوایلێبووردنم لێ کرد کە بە ناوی ئەوەوە قسەم کردبوو.



## جاك ما بوون

شەش ساڵ لەمەوبەر بریکاری ڕاگەیاندنمان لە عەلی بابا پێی گوتم پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا ساز بکەم. منیش ڕەتم کردەوە و نەمدەویست چاوپێکەوتن لەگەڵ هیچ ڕاگەیاندنێکدا بکەم. هەستم دەکرد ئەوەندە خراپ دەردەکەوم کە هەر پاش یەکەم چاوپێکەوتن, لە هەرکوێوە دەربکەوم خەڵکی دەمناسنەوە, منیش ئەوەم نەدەویست. پاش سێ ڕۆژ لە هەوڵدان بۆ قایلکردنم بریکارەکەمان پێی وتم, "جاك ما تەنها ناوی تۆ نییە بەڵکوو ناوی عەلی بابایشە." پاش ئەو قسەیە, دەستم کرد بە سازدانی چاوپێکەوتن. هەر لەو کاتەوە تا ئێستاش ڕاگەیاندنەکان کە ناوی عەلی بابا دێنن ناوی (جاك ما)ش لەگەڵی دەهێنن. بەڵام هێندەش باوەڕ بە ڕاگەیاندنەکان مەکەن. ئەو کەسایەتییەی ئەمڕۆ بە وەسف و پیاهەڵدان دروستی دەکەن ڕۆژێك بە تانەوتەشەر دەیڕوخێنن. هەبوونت و ناسینت وەك کەسێکی ئاسایی جوانترین جۆری کەسایەتییە.



## ڕاستبێژی

عەلی بابا دەستەیەکی زۆر باشی پەیوەندییە گشتییەکانی هەیە. نهێنیی ئەمەش ڕاستبێژییەکەیەتی. گرنگ نییە کەی و لەکوێ ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە بیڵێ. ئەو شتانە مەڵێ کە ڕاگەیاندنەکان ئارەزوو دەکەن بیبیستن یاخود فێڵیان لێ بکەیت بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشیت. چونکە گەر لەمیانەی چاوپێکەوتنێکتدا درۆیەك بکەیت ئەوا ناچار دەبیت تا کۆتایی لەسەر ئەو درۆیە بەردەوام بیت, تەنانەت گەر هەندێك بەشی درۆکەشت بیر بچێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئازاردانی هەستەکانی خۆت و خەڵکیش, چونکە خەڵکی ئارەزوو دەکەن گوێبیستی ڕاستی ببن نەك درۆ. هەرچەندە لەم ڕۆژگارەدا بەشێکی زۆری خەڵکی ڕاستگۆ نین و ڕاستییەکان ناڵێن. تۆ ڕاستبێژ بە تا جیاواز بیت لە هەمووان.



## براندبوون و متمانه

هـەر چـەندە پـار سـاڵ زۆر بەباشـی ناوبانگمـان دەرکردبـوو چـونکە بەرهەمـەکانمان پڕفرۆشـترین بـوون بـەبێ ئـەوەی هـیچ بودجەیـەکی پەرەپێـدان تـەرخان بکـەین بـۆ بەرزکردنـەوەی ناوبانگیان. ئەم ناوبانگ و دەرکەوتنەش بە جۆرێك دەنگدانەوەی هەبوو کە قوتابخانـەی هارڤـاردی بازرگـانی سەرسـام کـرد. بـەڵام لەڕاستیدا ئەمە شتێکی سەرسامکەر نییە چونکە ئێمە لە سـاڵی ١٩٩٥ تا ١٩٩٩ پێنج ساڵی پڕ لە ناڕەحەتیمان بـەڕێ کـرد, بـەڵام ئێستاکە ساڵ بە ساڵ باشتر دەبـین. چـونکە ئێمـە نـەك تـەنها لـە هەڵـەکانی خۆمانـەوە, بـەڵکوو لـە هەڵـەی کۆمپانیـا ئینتەرنێتییـە چینییەکانی تریشەوە فێر دەبین و پەرە بە تواناکانمان دەدەین.



## یەکەمین ئەزموونی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی

مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٩ یەکەم جار بوو چاوپێکەوتنی ڕاگەیاندنی ساز بدەین. گۆڤاری(Businessweek بزنس ویك)ی ئەمریکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان داوای چاوپێکەوتنی کرد و دەیویست بابەتێك لەسەر عەلی بابا بلاَو بکاتەوە, سەرەتا داواکارییەکەمان ڕەت کردەوە. دواتر لە ڕێگەی ئۆفیس و وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە جیجیانگ داواکارییەکەمان قبووڵ کرد. لەو کاتەدا ناونیشانی ویلایەتە یەکگرتوەکانمان لا بوو, بەلاَم ئامێری فاکس و ئۆفیسی تەلەفونیمان نەبوو تا خۆمان پەیوەندییان پێوە بکەین و پەنا نەبەینە بەر وەزارەتی کاروباری دەرەوە. هەر بۆیەش بیرمان لێ نەدەکرایەوە وەك یەکەمین کۆمپانیای ناوخۆیی چین و سێیەمی سەر ئاستی جیهان. کاتێك بۆ چاوپێکەوتنەکە هەواڵنێرەکەمان نارد بۆ ئەو شوێنەی کە بنکەی سەرەکی عەلی بابا ی لی ٌبوو. تووشی سەرسووڕمان بوو کاتێك دەرگامان کردەوە و بینی چوار ژووری نوستن بە بیست بۆ سی کەس پڕ کرابووەوە, چونکە هەواڵنێرەکە وا بیری کردبووەوە ئەو ناوبانگە گەورە و هەزاران ئەندامەی عەلی بابا هەیەتی دەبا کۆمپانیایەکی گەورە بێت و خاوەنی ستاف و بینایەکی گەورە بێت بەلاَم وا نەبوو, هەر بۆیەش ئەو بابەتەیان هەرگیز بلاَو نەکردەوە.



## دروستکردنی متمانه

ڕۆژنامـــەی (هــان جــو)ی نــاوخۆیی هــەواڵێکی ڕاگەیانــد کــە کۆمپانیـا تایبەتــە بازرگانییــە ئینتەرنێتییەکــەی چــین خــاوەنی پشــتێنەیەکی قــایم نییــە و پێگەیــەکی ڕاســتەقینەی نییــە. بــۆ بەدرۆخســـــتنەوەی ئـــەم هەواڵـــە هەســـتاین بـــە ناســـاندنی کۆمپانیاکـــەمان و ئـــەو کەرەســـتە ئینگلیزییانـــەی ویلایەتـــە یەکگرتوەکان کە لە ڕێگـەی نوێنەرەکانـەوە نێردرابـوون. هەنـدێك نوسراومان لە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەمانـەوە چاپ کـرد، تـاکوو بـۆ هەمووانی بسەلمێنین ئێمە بەردەوامین و نەك تەنها کۆمپانیایـەکی ناوخۆیین، بەڵکوو کۆمپانیایەکی جیهانیین. ئەمەش سەرەتایەکی قـورس بـوو. پاشـان هەسـتمان بـەوە کـرد پێویسـت بـوو هـەر لـە سـەرەتاوە ئێمـە پەیوەندییـەکی دۆسـتانەمان لەگـەڵ ڕاگەیاندنـە ناوخۆییەکاندا هەبووایە تا ئەوانیش بتوانن یارمەتیـدەرمان بـن بـۆ سەرکەوتنی زیاتر و بـەجیهانیبوونمان. هـەموو ئەوانـەش بوونەتـە هۆی دروستکردنی متمانە. بـە جۆرێك خۆشـبەختم ئەگـەر بێـت و ئێستا واز لە کۆمپانیاش بهێنم دەتوانم تەنها بـە یـەك پەیوەنـدیی تەلەفونی سـەرمایەگوزارییەکی ٣٠ ملیـۆن دۆلاری بکـەم، ئـەوەش متمانەیە. ژمارەیەکی زۆر قوتـابی بازرگـانیم هەیـە کـە متمانـەیان بەنـدە بـە متمانـەی منـەوە. بۆیـەش پێویسـتە لـە ئاسـتی ئـەم متمانەیەدا بم و متمانەیان نەدۆڕێنم. ڕاستگۆ بە و ئەوەی دەیڵێیت



بیکە. با ڕەفتار و گوفتارت یەك بن. بە پشتبەستن بەم میکانیزمە ساتەکانمان تێپەڕاند.

## ئینتەرنێت

هەر چەندە بۆ ئێمە ئینتەرنێت تەنها ئامرازێکە بەڵام بۆ ئەوەندە بەهێزە؟

من هەواداریێکی گەورەی (material arts fiction)م, کە بەرهەمێکی ئەدەبیی بەناوبانگی نوسەرێکی چینییە. لێیەوە فێربووم گرنگ نییە کەسێك چەندە شمشێربازێکی لێهاتووە, گەر ڕکابەرەکەی دەمانچەی پێ بێت دەتوانێت بیکوژێت چونکە دەمانچە چەکێکی بەهێزترە لە شمشێر. هەر لەم سۆنگەیەشەوە گەر قسەوقسەلۆکی خزمەکانت, یاخود بڵاوکراوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنەکان بەراورد بکەیت بە ئینتەرنێت, ئەوا دەزانیت ئینتەرنێت لە هەموو ئەو سەرچاوانەی تر بەهێزترە. هەر بۆیەش نابێت دەرفەتی سوودمەندبوون لە ئینتەرنێت لەدەست بدەین. هەرگیز بە چاوێکی کەم سەیری ئەم ئامرازە نوێیە تازە دەرکەوتووە مەکە و سوودی لێ وەرگرە بۆ باشترکردنی کارەکەت. بەڵام بەکارنەهێنانی یاخود خراپ بەکارهێنانی زەرەرمەندت دەکات.



# بەشی دەیەم

## ئینتەرنێت,بازرگانیی ئەلیکترۆنی,بازرگانیی جیهانی

### هێنانی ئینتەرنێت بۆ چین

ساڵی ١٩٩٦ چین وابەستە بوو بە ئینتەرنێتەوە, ١٠ هاوڕێی ڕاگەیاندنکارمم بانگهێشت کرد بۆ شوقەکەم, تاکوو پێیان بڵێم "من درۆ ناکەم, تۆڕێك هەیە پێی دەڵێن ئینتەرنێت." ماوەی ٣ کاتژمێر و نیو چاوەڕێمان کرد بۆ دابەزاندنی یەکەمین وێنە. دابەزاندنی ئەو وێنەیە گەرچی ئەو هەموو کاتەی برد بەلاّم لانی کەم خۆشحالاّنە سەلماندی من درۆم نەکردووە و شتێك بوونی هەیە بە ناوی ئینتەرنێت. پاشان هاوڕێکانم گوتیان, "کەواتە ئەمە کار دەکات؟" منیش گوتم, "بەڵێ کار دەکات و بەکەڵك دێت. بەلاّم ئەمڕۆ نا دە ساڵی داهاتوو درك بە کاریگەری و هێزەکەی دەکرێت."

### چین و ئەمریکا

هەروەك چۆن شیرینی دەخورێت وەك تەواوکەرێك بۆ ژەمی سەرەکی و تێربوونی زیاتر. بازرگانیکردن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە ئەمریکا وەك ئەو شیرینییەی لێ هاتووە و بەکار دێت وەك تەواوکەرێك بۆ بازرگانی. بەلاّم لە چین وەك تەواوکەرێك بەکار نایەت, بەڵکوو لێرە ئینتەرنێت خۆی خودی بازرگانییە.



## ئامۆژگارییەك بۆ چین

لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە ئەمازۆن تاکە سەرمەشقی بازرگانی ئەلیکترۆنییە. بەلاَم لای چینییەکان تێڕوانینەکە جیاوازە. ڕێزێکی گەورەمان هەیە بۆ (ئەمازۆن و ئی بەی), بەلاَم پێم وایە دەرفەت و ستراتیژییەتی ئێمە لەوەدایە کە هاوکاری بازرگانییە بچوکەکانی ئەمریکا بکەین تا ڕوو بکەنە چین و بەرهەمەکانیان لە چین بفرۆشن. چین ماوەی ٢٠ ساڵە بەرهەمەکانی هەناردە دەکات, پێم وایە لە ماوەی ١٠ بۆ ٢٠ ساڵی داهاتوودا دەبێت چین گرنگی بە هاوردەکردن بدات نەك هەناردەکردن, پێویستە بکڕێت و پارە خەرج بکات, دەبێت بەرهەمەکان لە جیهانەوە بکڕێت و هاوردەی ناو وڵاتەکەی بکات. بەم جۆرەش بازرگانییە بچوکەکانی ئەمریکا کە بەرهەمە براندە ئەمریکییەکان دەفرۆشن پێویستە ئینتەرنێت بەکار بهێنن و ڕوو بکەنە چین.

## ئامۆژگارییەك بۆ بازرگانییە ئەمریکییەکان

یەکەم و سەرەتا, کە کۆمپانیا ئەمریکی و نێودەوڵەتییەکان دێنە چین. گەورەترین کێشەیان سیستمی حوکمڕانی (میری) چینییە. بەلاَم لەبری خۆسەرقاڵکردنیان بە (گوانشی)[٥] پێویستە

---

٥ *گوانشی: بریتییە لە گەشەی پەیوەندیی نێوان تاکەکان کە سیستمێکی بنەڕەتی کەلتووری چینییەکانە.



گرنگی بدەن بە بازاڕە چینییەکان. سەرکەوتنت لە ئەمریکا سەرکەوتنت مسۆگەر ناکات لە چین. بۆیەش زۆر گرنگە بۆ ئەم کۆمپانیایانە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی چینییەکان.

دووەم, سەرکردایەتیکردن ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە. لێرە لە چین سەرۆکی ئەم کۆمپانیا نێودەوڵەتییانە پێویستە وریا بن لە ئەرکی سەرکردایەتیکردن وەك لەوەی هەوڵی پاراستنی براندە ئەوروپی و ئەمریکییە دامەزراوەکان بدەن لە چین.

سێیەم, ئابوری چین ئابورییەکی بازرگانییە. هەمووان پڕن لە وزە و هێز و دەتوانن هەموو شتێك بکەن.

وەك (silicon Valley دۆڵی سلیکۆن)[٦] وایە لە کۆتایی نەوەدەکان. هەموو شوێنێکی چین وابەستەیە بە خوولیا و سەرکەوتنی بازرگانییەوە.

---

٦ *Silicon Valley دۆڵی سلیکۆن: نازناوێکە بۆ هەرێمی بەشی باشوری ناوچەی کەنداوی سانفرانسیسکۆ کە دەکەوێتە بەشی باکوری کالیفۆرنیا. ئەم هەرێمە وەك سەنتەرێکی جیهانی تەکنۆلۆژیا و نوێخوازیی خزمەت دەکات, نیشتیمانێکە بۆ گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهان و هەزاران کۆمپانیای تازەپێگەشتوو. ئێستا چەمکی "دۆڵی سلیکۆن" ئاماژەیە بۆ ئاستی بەرزی تەکنۆلۆژیای کەرتی ئابوریی ئەمریکا.



## پارەپەیداکردن

بۆ سەرکەوتن لە بواری بازرگانیدا سێ نهێنی هەیە ئەوانیش: (بەهێزبوون, گەشەسەندن, ئارامگرتن)ن. هەرچەندە پێم وایە ئەم سێ خاڵە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن لە شێوازی بازرگانی ئێستادا. تەنها بازرگانی گەمژە ئاشکرای دەکات چۆن پلان دادەنێت بۆ پەیداکردنی پارە لە ساتە دژوار و بارودۆخە پڕ لە ڕکابەرییەکاندا.

## ئەو هەڵسەنگاندنەی کە گرنگە

کە دەست دەکەیت بە بازرگانی بێگومان هەڵە دەکەیت. بەڵام لە بازرگانیدا گرنگترین شت هەڵسەنگاندنی کڕیارەکانتە بۆ بەرهەمەکانت چونکە گەر سوودبەخش بێت بۆ ئەوان ئەوا ئامانجەکەت پێکاوە, ئەگەر بەلای ئەوانەوە بێسوود بێت و خۆت زۆر پێت بەسوود بێت ئەوە هەر بێسوودە چونکە لە بازرگانیدا گرنگ خواستی کڕیارە نەك بازرگان. لە بازرگانیی ئەلیکترۆنیدا ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان وەك ئامرازێك بازرگانییان پێوە دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان, وەبەرهێنەکان دەتوانن وەسفێکی زۆری بەرهەمەکانت بکەن بەڵام گەر ئەو بەرهەمانە لای کڕیار بێکەڵك بوو, ئەوا بەرهەمەکەت هیچ سوودێك ناگەیەنێت و شکست دەهێنیت. هەمیشە بە ستافەکەم دەڵێم "پێم مەڵێن چۆن پارە پەیدا بکەم, پێم بڵێن چۆن بەرهەمی بەکەڵك و ئاست بەرز پێشکەش بە کڕیارەکانم بکەم."



## بازرگانی

بازرگانی ئازادییە. بازرگانی مافی مرۆڤە. بازرگانی بۆ ئەوە نییە نەتەوەیەك وەك ئامرازێك بەکاری بهێنێت دژ بە نەتەوەیەکی تر. پێویستە هەمووان دەستلەناودەست بین بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بە هەموو ڕەنگ و چین و توێژەکانیەوە.

## جۆرێکی نوێی بریکار

هەندێك لە شارەزایانی بواری بەڕێوەبردن پێیان وایە قورسە وەك بریکارێك کار بکەیت. هەر لەبەر ئەوەش زۆر جار لێم دەپرسن دەربارەی زیادکردنی ڕێژەی فرۆش و بەرهەمهێنانمان بۆ دڵنیابوونەوە لە گەشەسەندنی زیاترمان لە داهاتوودا. کاتێك تەلەفون دروست کرا خەڵکی دەیانگوت نوسینگەی پۆست (پۆست ئۆفیس) لەناو دەچێت بەڵام لەناو نەچوو , بەردەوام بوو. زۆر قورسە پیشەسازییەك بتوانێت بەتەواوی جێگەی پیشەسازییەکی دیکە بگرێتەوە. هەر بۆیەش بازرگانی ئەلیکترۆنی جێگەی بریکار ناگرێتەوە, بەڵام وەك جۆرێکی نوێی بریکار خزمەت دەکات. هیچ پیشەسازییەکی خراپ بوونی نییە, تەنها بازرگانی خراپ بوونی هەیە. ئەم جۆرە نوێیەی بریکاریش پشت دەبەستێت بە لێزانیی تەکنۆلۆژی. لەو گۆڕانکارییانە تێ دەگەن کە ئێستاکە پێویستن. لە داهاتوو و بگرە سەد ساڵی تریش ئەم بریکارانە پێویست دەبن.



## ڕۆڵی بازرگانییە بچوک و مامناوەندەکان

بازرگانیی ئەلیکترۆنی ئێستاکە زۆر بەربڵاوە. زۆربەی کۆمپانیاکان دەیانەوێت پەیوەندی بەم بازاڕە ئینتەرنێتییەوە بکەن. بەڵام هیچ شوێنێك شك نابەن تا ببنە نمونەیەکی سەرکەوتوو. دوودڵن کە بەردەوام بن لەسەر بازرگانییەکەیان یاخود نا چونکە نازانن سوودمەند دەبن یاخود زەرەرمەند. گەر نموونەیەکی هەرە باڵای سەرکەوتنتان پیشان بدەم ئەوا (عەلی بابا) ئەو نموونەیە دەبێت. بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر ڕۆبیان دەتوانیت حوتی زەریا ببەزێنیت. بەم جۆرەش گەر خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای قەبارە بچوك و مامناوەند بیت دەتوانیت کۆمپانیا گەورەکان ببەزێنیت و ئەم کۆمپانیا قەبارە بچووك و مامناوەندانە دەبنە چارەسەرێك بۆ سەرکەوتنی بازرگانیی ئەلیکترۆنی.

## ساختەکارەکان

شێوازێکی جوان نییە گەر فەرمان بە فرۆشیارێك بکەیت و بڵێیت " ئەوە بکە کە پێت دەڵێم", ئەوە نادادپەروەرییە بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت, پێویستە ڕێزی بگریت. دەبێت هاوشانی بازرگانانی بەرهەمە براندەکان, فرۆشیارەکانیش لە ساختەکاری و ساختەکارەکان بپارێزرێن. پێویستە گرنگی بە هەموو کەس و مافەکانیان بدرێت



## سەوداگەریی نێوان بازرگانییە چینییەکان

لە بازرگانیدا ئاسیاییەکان باوەڕیان وایە سەرکردەی گروپێکی کەمشکۆ بیت باشترە لەوەی پلەدووی ناو گرووپێکی شکۆدار بیت. هەمووان دەیانەوێت خۆیان کاربەدەست بن، بە هەمان شێوە ئینتەرنێتیش کەسێکی سەربەخۆی پێ پەسەندە هەر لەبەر ئەمەشە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت خۆپەرستن. خشتێکی ناو دیوارێکی گەورە لەسەری نوسرابوو "من لێرە بووم." واتە (نوسراوێك لەسەر خشتێکی بچووکی ناو دیوارێکی گەورە سەلماندی کە کەسێك هەبوونی خۆی لا گرنگ و پەسەند بووە)، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتیش هەمان تایبەتمەندی لە کەسایەتییاندا هەیە. کاتێك ئینتەرنێت ناسێندرا، زانیارییەکی زۆری لەخۆ گرتبوو. ئامانجم تەنها کردنی یەك شت بوو ئەویش دابینکردنی ناوەڕۆکێك بوو بۆ ئەو زانیارییە پێویستانەی کە کۆمپانیا بچوك و مامناوەندەکانی ئاسیا هەموو کات بەکاری دەهێنن. شێوازی بازرگانیی ئەمریکییەکان پشت دەبەستێت بە بوون بە کۆمپانیایەکی گەورە، ملیۆنەها دۆلار خەرج دەکەن لە پرۆگرامە کۆمپیوتەرییەکاندا، بەڵام زۆرینەی کۆمپانیا چینییەکان ناتوانن ئەم هەموو پارەیە خەرج بکەن و ئەو پرۆگرامە کۆمپیوتەرییانەش بەکار بهێنن. سەوداگەریی نێوان بازرگانییە چینییەکان جەخت دەکاتەوە لە هەبوونی پەیوەندیی ڕووبەڕووی نێوان کەسە بازرگانەکان.



## کۆمپانیا بچووکەکان سەرنجڕاکێشن

له ده سالّی داهاتوودا, ئینتەرنێت دەبێتە هۆی کۆتاییهێنان به چاوەڕوانییه درێژخایەنەکە که گۆڕینی کەناڵە بازرگانییەکانه بۆ ژێرخانێکی ئابوریی بەهێز. ئەمەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ کۆمپانیا بچوکەکان که لەڕاستیدا ئەوانه سەرچاوەی نوێکارین تا بتوانن به شێوەیەکی کاریگەر ڕکابەریی کۆمپانیا گەورەکان بکەن. بەم چەشنەش توانای ناساندن و بونیادنانی دەرفەتی بازرگانی له هەموو جیهان بێسنوور دەبێت. بۆ نموونه, ئەو بازرگانییەی له چین یاخود له هندستانەوە دەست پێ دەکات دەتوانێت ڕکابەریی کۆمپانیا گەورەکان بکات له ئیندیانا. لەوەش گرنگتر ئەو بازرگانییەی له ئیندیانا هەیه که ئاراستەیەکی ڕاست و تێڕوانینێکی جیهانی هەیه نەک تەنها توانای ڕکابەری دەبێت لەگەڵ چین و هندستان بگره دەتوانێت ڕکابەریی کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا و ئەورووپاش بکات.



**متمانه**

پاش چەندین توێژینەوە, بۆمان دەرکەوت سەرەکیترین شت لە بازرگانیی ئەلیکترۆنیدا باوەڕ و متمانەیە, بازرگانەکان پێویستە زۆر ئاگاداری ئەو متمانەیە بن. پار ساڵ, ڕاگەیاندنە ناوخۆیی و جیهانییەکانمان ڕایان گەیاند وێڕای ئەوەی کەسانێکی زۆر سەردانی ماڵپەڕی عەلی بابایان کردووە بەڵام کەم متمانەیان پێی هەبووە, چونکە سەرچاوەی ئەم ماڵپەڕە لە چینە و ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەرەکانی بازرگانە چینییەکانن. هەروەها ڕایان گەیاند ماڵپەڕە ئەوروپییەکان هەر چەندە بچوکن, بەڵام وەك هۆڵێکی تایبەتی پێشانگای ئینتەرنێتی وان. ماڵپەڕە گەورەکەی ئێمەش وەك بازاڕێکی ئینتەرنێتی وایە. هەر بۆیەش دواتر ڕێگە چارەمان دۆزییەوە بۆ دروستکردنی سیستمێکی متمانەپێکراوتر و, پلانمان هەیە بۆ زیاتر پەرەپێدانی.



## کۆمپانیا بازرگانییە بچوك و مامناوەندەکان

کاتێك دێمە ناو کۆمپانیا بچوك و مامناوەندەکانەوە, هەمیشە هەست بە دڵخۆشی دەکەم. چونکە لە کۆنفرانسی ئەم کۆمپانیایانەدا لە چاوی ستافەکانیاندا هەمیشە خەون, سۆز, و هیوا بەدی دەکەم. بەڵام کاتێك بەشداریی کۆنفرانسی (فۆرچن ٥٠٠)[٧] دەکەم. ژمارە, داهات, پێوەرە سەرەکییەکانی کار و کێبڕکێی زۆر گەرموگوڕ بەدی دەکەم.

[٧] *(فۆرچن ٥٠٠): لیستێکی ساڵانەی داهاتی گشتی ٥٠٠ گەورەترین کۆمپانیا پیشەسازییەکانی ئەمریکایە. ئەم لیستەش لەلایەن گۆڤاری (فۆرچن)ەوە بڵاو دەکرێتەوە.



# بەشی یازدەهەم
# ژینگەپارێزی و خێرخوازی

## پابەندبوونی چینییەکان

چینییەکان زۆر گرنگی بە پاراستنی ژینگەی چین دەدەن. بەم شێوەیەش گەورەترین هەماهەنگی لەگەڵ جیهاندا دەکەن. من ئەوەندە سەروەتم هەیە کە بتوانم گرنگی بە ژینگەی ئەفریقاش بدەم و لەوەی کە بۆ چین دەکرێت زیاتری بۆ بکەم. بەڵام چەند کەس هەیە وەك (جاك ما) دەوڵەمەند بێت؟ چەند کەسی چینی هەن توانا و دەرفەتیان هەبێت بۆ پەرەدان بە دیمەنی جیهان؟ ئەوەندە پارەیان هەبێت جیهانی دەرەوە ببینن؟ پابەندبوون بە پاراستنی جیهانەوە شتێکی باشە. بەڵام چینییەکان پێیان وایە دەبێت هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ گرنگیدان بە ژینگەی خۆیان. پێویستە هەر کەس لەلایەن خۆیەوە دەست پێ بکات و ژینگەکەی بپارێزێت, چونکە گەر نەتوانیت گرنگی بە ژینگەی وڵاتەکەی خۆت بدەیت, ئەوا ناتوانیت گرنگی بە ژینگەی وڵاتانی تریش بدەیت.



## بەخشینی پارە

لەبریی بەخشینی پارە, (تاوباو) بەشداری دەکات لە دابینکردنی هەلی کار بۆ ١٠ ملیۆن کەس. گەر ئەم کەسانە هیچ کارێك یاخود داهاتێکیان نەبێت, ئەوا کۆمەڵگەیەکی جێگیر دەبن. کۆمەڵگەیەکی جێگیریش کۆمەڵگەیەکی خەیاڵییە و تاکەکانی هیچیان نابێت بە هیچ چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە هیچ جموجوڵێکی ئابووری تێیاندا نییە, بەمەش ژیان و مانەوە تیایاندا شتێکی مەحاڵ دەبێت. بەخشینی پارە گرنگە بەڵام سەرەکیترین شێوازی بەخشین و خێرخوازی نییە, چونکە بەخشینی ئەوەی کە تۆ کەمترینت لێی هەیە خێرخوازیی ڕاستەقینەیە, نەك ئەوەی زۆرترینت لێی هەیە.

## چاکەکاری

خەرجکردنی پارە لە بەدەستهێنانی قورسترە. بەتایبەت بۆ چاکەکارەکان. کاتێك خاوەن دڵێکی باشیت ئەوا پێویستە زانیاری و توانایەکی باشت هەبێت بۆ خەرجکردنی پارەکەت. چونکە گەر وا نەبیت ئەوا شتی باش دەکەیت بە دڵێکی فراوان بەڵام بە ڕێگەیەکی هەڵە. کەواتە چاکەکار بە و ببەخشە بەڵام بزانە بە چ ڕێگەیەك دەبەخشیت.



## خێرخوازی

خێرکردن نابێت بە ڕێگەیەك بکرێت هەمووان بیزانن. خێرکردن و بەخشین دەبێت بە بێدەنگی و بە نەناسراوی بکرێت, نەك بۆ ناوبانگ و سەرنجڕاکێشانی خەڵك بکرێت.

## ژینگەپارێزی

ئـەوەی دەمانـەوێت هۆشـیارکردنەوە و ئاگادارکردنـەوەی خەڵکییە. دەمانەوێت خەڵك ژینگەپارێزی بەهەند وەربگرن, تـاکوو هەست بکـەن پیسکردنی ژینگـە هیچی کـەمتر نییـە لـە تـاوانی کوشتن. چونکە لەڕاستیدا پیسکردنی ژینگە دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤـەکان. بازرگـانی گرنگـە و پاراسـتنی ژینگـە هێنـدەی ئـەو بازرگانییە گرنگ و پێویسـتە کـە هـەرگیز فـەرامۆش نـەکرێت. مـن کەسـێکی تونـدڕەو نـیم بـەڵام زۆر جـەخت لەسـەر ئـەو شـتانە دەکەمەوە کە پێم وایە گرنگن بۆ خۆمان و نـەوەکانمان. نامـەوێت خەڵکی ژینگـە بپـارێزن بـەس لەبـەر ئـەوەی پێیـان وتـراوە ئـەوە بەرپرسـیارێتییە و ئەرکـە لەسـەریان. ڕقـم لـە وشـەی "بەرپرسـیارێتی" یـە. مـن ژینگـە دەپـارێزم و بـاوەڕم بـە ژینگەپارێزی هەیە, چونکە ئەمە شێوازی بیرکردنەوەمە و بەشێکە لە بیروباوەڕەکەم.



# بەشی دوازدەهەم
# وانەکانی ژیان

## سێ بنەماکە

هەمیشه ئەم سێ بنەمایەت بیر بێت: دەتەوێت چی بکەیت؟ پێویسته چی بکەیت؟ پێویسته ماوەی چەندێك ئەو شته بکەیت؟

## جەنگی سێیەمی جیهانی

جـەنگی سـێیەمی جیهـانی ڕوو دەدات. ئەمـە جـەنگی نێـوان نەتـەوەکان نییـە, لـەم جەنگـەدا پێکـەوە کـار دەکـەین دژی نەخۆشی, هەژاری, گۆڕانی کەشوهەوا, پـێم وایـە داهاتوومـان پـڕ بێـت لـەم جـۆرە کێشـە و قەیرانانـە. پێویسـتە مرۆڤـەکان و نەتەوەکان دەستلەناودەست بن و بجەنگن دژ بەم جۆرە قەیران و کارەساتانە.

## گۆڕانی کەشوهەوا

کەشـوهەوا گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە و زۆر درەنگـە تـا بپرسین "ئەمە هەڵەی کێیە؟" گرنگ نییە هەڵەی مـن بێـت یـاخود تۆ, گرنگ ئەوەیە هەمووان پێکـەوە دەستلەناودەسـت بـین و ئـەم کێشەیە چارەسەر بکەین.



## گەشەپێدانی خود

گرنگی بە گەشەپێدانی خودی خۆت بدە و بەردەوام بە لەسەر فێربوون. هەرگیز لۆمەی خودا و خەڵکی مەکە بۆ ئەو ژیانەی تێیدا دەژیت. تەنها لۆمەی خۆت بکە و هەوڵ بۆ گەشەپێدان و باشترکردن خودی خۆت بدە.

## خاوبونەوەی گەشەی ئابوریی چین

ئەگەر چین ۹٪ ی ئابوورییەکەی پاشەکەوت بکات ئەوا بەدڵنیاییەوە شتێکی خراپ ڕوودەدات. چین پێویستە گرنگی بە کوالێتی ئابوورییەکەی بدات. چونکە گەشەی ئابووریش وەك گەشەی جەستەی مرۆڤ وایە لە قۆناخی ساواییەوە تا پێگەیشتن. جەستەی مرۆڤ ناتوانێت هەتا هەتایە گەشە بکات, گەشەسەندنەکەی لە قۆناخێکدا خاو دەبێتەوە و ئەوەش واتە ئیدی کاتی ئەوەیە لە بریی گەشەی جەستە گرنگی بدەیت بە گەشەی مێشك, کەلتوور, بەها و ژیرییەکەت. پێم وایە چینیش بۆ ئەو ئاڕاستەیە دەڕوات و گەشەی خاو دەبێتەوە.



## ئیرەیی

هەرگیز ئیرەیی بە کۆمپانیا گەورەکانی تر مەبە. کۆمپانیاکەی خۆت باشترینە تا ئەو کاتەی ئامانج، ئەرك و بەهاکانت هاوبەشی پێ بکەیت لەگەڵ ئەوانی تردا و هەرگیز بە چاوی ئیرەییەوە مەڕوانە دەستکەوتی ئەوانی تر.

## متمانە لە بیروباوەڕە کەسییەکاندا

بیروباوەڕەکانت بە بەهێزی بهێڵەرەوە و سوور بە لەسەریان و پابەند بە پێیانەوە و لە کاری باشدا بەکاریان بهێنە. هەر لە سەرەتاوە ئەم چوار بنەما سەرەکییە ڕێنیشاندەری هەنگاوە سەرەتاییەکانی عەلی بابا بوون.

بەبێ ئەم متمانەیە ناتوانیت بەردەوام بیت. بیروباوەڕی پتەوی من ئەوە بوو کە ئینتەرنێت کاریگەری دەبێت لەسەر چین و دەیگۆڕێت. چین پەرە دەدات بە بازرگانیی ئەلیکترۆنی و ئەم بازرگانییەش بەکارهێنەرەکانی دەوڵەمەند دەکات. لەبەر ئەوەی متمانەم بە بیروباوەڕەکەم هەبوو گەشتم بە دەرەنجامە ئەرێنییەکان.



## وانەوتنەوە

پیشەی یەکەمم وانەوتنەوە بوو. گەر ئێستا نەتوانم ئەو ئەزموون و شارەزاییە ١٠ ساڵییەی بەڕێوەبەری بازرگانیم لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەشی پێ بکەم ئەوا بێسوودە. هەتا زیاتر زانیاری ببەخشیت, زیاتر بەنرخ و بەسوود دەبێت.

وەك مامۆستایەك هەمیشە باوەڕت بە داهاتوو هەیە. چونکە باوەڕت وایە زانست و زانیاری, ژیانی خەڵك دەگۆڕێت. باوەڕت وایە و هیواداریت خوێندکارەکانت لە خۆت باشتر بن. خوێندکارەکانت باشترین خەڵاتی تۆن. ئێستا چیتر مامۆستا نیم بەڵام لەبریی ئەوەی خۆم بە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکەم ناو ببەم خۆم بە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری خوێندنگەکەم ناو دەبەم.

## کۆسپەکان

کێشە نییە گەر ماوەی گەیشتنت بە ئامانجەکەت زۆر دوور بێت. کێشە ئەوەیە نەزانیت ماوەی ئەو دورییە چەندە کە دەتگەیەنێت بە خەونەکەت. بیربکەرەوە و ئامانجدار بە گوێ بە کۆسپەکان مەدە. لە ئامانجەکەت نزیك ببەوە و بەدەستی بهێنە, بەم شێوەیەش ئیتر پێویست ناکات دورییەکان بپێویت تا بگەیتە ئامانجەکەت.



## هێنانەدی خەونەکان

بەوە قایل ببە کە پێویستە بۆ هێنانەدی خەونەکەت. بۆ ئەمەش زۆرجار پێویستە باشتر بیر بکەیتەوە و دەست لە هەندێك شت هەڵبگریت و لە ساتە پێویستەکاندا ئامادە بیت ببەخشیت و هاوبەشی بکەیت لەگەڵ خەڵکیدا.

## پاڵەوانەکان

لە فیلمەکانی (هۆڵیوود)دا هەمیشە پاڵەوانەکانم خۆش دەوێت. لە فیلمە چینییەکانیشدا پاڵەوانمان هەیە, بەڵام لە کۆتاییی فیلمە چینییەکاندا هەمیشە پاڵەوانەکان دەمرن. لە فیلمە ئەمریکییەکاندا پاڵەوانەکان تا کۆتایی دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لە ژیان. لە خەڵکی دەپرسم گەر هەموو پاڵەوانەکان بمرن کێ دەیەوێت ببێت بە پاڵەوان؟

هەمیشە لە ژیانتدا وەك پاڵەوانێك هەڵسوکەوت بکە و هەموو شتێك بکە بۆ مانەوەت و بەردەوامیت و سەرکەوتنت.



## وتنی ڕاستییەکان

خوێندکارەکان حەزیان بە شێوازی وتاردانی منە. باوەڕم وایە گەنجەکان وەك خۆمن و ئارەزوو دەکەن گوێبیستی ڕاستی بن. هەر بۆیەش هەمیشە کەسێکی ڕاستگۆ و قسەلەڕووم. لە کاتێکدا قورسترین شت لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەوەیە ڕاستییەکان بڵێیت, بەڵام گەر بتەوێت دەتوانیت ئەم قورسترین شتە بکەیت بە ئاسانترین شت. کاتێك ڕاستییەکان دەڵێیت خەڵکی گوێت بۆ دەگرن. کاتێك ڕەخنە لە کەسێك دەگرم لەبەر ئەوەیە کە خۆشم دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەن شایەنی ڕەخنەن بەڵام من هیچیان لەبارەوە ناڵێم و ڕەخنەیان لێ ناگرم چونکە خۆشم ناوێن.

## گۆڕینی خۆمان

چەند ساڵێك لەمەوبەر دەمویست جیهان بگۆڕم بەڵام ئێستا پێم وایە بۆ ئەوەی جیهان بگۆڕین پێویستە سەرەتا خۆمان بگۆڕین. گۆڕینی خۆمان ئاسانتر و گرنگترە لە گۆڕینی جیهان. ئێستا لەبریی گۆڕینی جیهان دەمەوێت جیهان بەرەوپێش ببەم. لەوانەیە گۆڕینی جیهان ئەرکی سەرۆکی ئەمریکا بێت نەك من.



## ئەمڕۆ هەرگیز کۆڵ مەدە

سەرەتای کارکردنمان من و هاوڕێکانم دەمانویست گەورەترین کۆمپانیای جیهان بونیاد بنێین. زۆر کەس پێیان وابوو ئەوە شتێکی شێتانەیە بەڵام ئەوەی وترا گرنگ نەبوو, خەونەکەم بۆ دروستکردنی ئەم کۆمپانیایە نەگۆڕدرا.

لە کاتی قەیرانی ئینتەرنێتدا لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠١-٢٠٠٢ لێدوانمان سەبارەت بە بەردەوامیمان بوو. تەنانەت گەر ئەو قەیرانە هەموو کۆمپانیا ئینتەرنێتییەکانی تری لەناو ببردایە, ئێمە دەبوو بمێنینەوە و بەردەوام بین. ماینەوە چونکە ڕەتمان کردوە واز بهێنین, کۆڵمان نەدا و باوەڕمان بە خەونەکانمان هەبوو. ئەم هەوڵدان و توانا هەمیشەییەمان بۆ فێربوون لە هەڵەکانمانەوە بوون بە هۆکاری سەرکەوتنمان. ئەگەر ئەمڕۆ ڕۆژێکی دژوارە لەوانەیە سبەینێ دژوارتر بێت, بەڵام دووسبەی ڕۆژێکی باش و پرشنگدار دەبێت. هەر چەندە هەندێك کەس لە ساتە دژوارەکاندا واز دەهێنن و چاوەڕێی ئەو پرشنگداری و شادییە ناکەن لە ئێوارەی دووسبەیدا پێی دەگەن. تۆ وەك ئەوانی تر مەبە و ئەمڕۆ هەرگیز کۆڵ مەدە تا بە پرشنگداری و خۆشی و سەرکەوتنەکانی دووسبەی بگەیت.

# NEVER GIVE UP

# JACK MA

"هەرگیز کۆڵ مەدە" یەکێکە لە هەرە بەناوبانگترین دروشمەکانی جاك ما و ئەم دروشمەش ڕەنگدانەوەی کۆڵنەدانی خۆیەتی و ڕاهاتنیەتی لە هەموو ئەو ڕەتکردنەوانەی کە وەریگرتووە لە ژیانیدا، و بەتایبەتی لە بواری کاردا بە جۆرێك کە داوای کاری لە ٣٠ شوێنی جیاواز کردووە و هەر ٣٠ جارەکە ڕەتکراوەتەوە و وەرنەگیراوە. داوای کاری کردووە بۆ وەرگیرانی وەك پۆلیس و لە ٥ کەس ٤ یان وەرگیران ئەو تاکە کەسەی کە وەرنەگیرا جاك ما بوو. وە کاتێك زنجیرە ڕیستۆرانتی بەناوبانگی نێودەوڵەتی KFC هاتە چین ٢٤ کەس داوای کاریان پێشکەش کرد و ٢٣ کەس وەرگیران و ئەو تاکە کەسەی کە وەرنەگیرا جاك ما بوو. دووجار لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆ شکستی هێناوە، ١٠ جار داواکاری خوێندنی پێشکەشی زانکۆی هارڤارد کردووە و هەر ١٠ جارەکە ڕەتکراوەتەوە. هەر بۆیەش جاك ما پێیوایە یەکێك لە نهێنییەکانی سەرکەوتن لێڕاهاتنە لە وەرنەگرتن و ڕەتکردنەوە. چیرۆکی ژیانی جاك ما گواستنەوەیەکی ڕاستەقینەیە لە سفرەوە بەرەو لوتکە. ئەو پیاوەی کە لە هیچ کوێ کاری پێنەدەدرا ئێستا یەکەمین بەڕێوەبەری جێبەجێکاری چین و هەموو ئاسیایە کە وێنەکەی لە ڕووپەڕی یەکەمی گۆڤاری فۆربس دەرکەوت بێت.

Bakhtiary Bookshop
ktebxanay baxtiary
07505000122
بەختیاری
2000 IQD